https://www.doi.org/10.31918/twejer.2142.11

e-ISSN (2617-0752)        p-ISSN (2617-0744)

# ڕەوشی زیندانیانی سیاسیی کورد لە عێراق لە سەردەمی حەرەس قەومی ٨-٢-١٩٦٣ تا ١٨-١١-١٩٦٣

د. ڕسول محمد ڕسول خەلیفانی

زانکۆی سۆران-فاکەلتی ئاداب- بەشی مێژوو

rasoul.rasoul@soran.edu.iq

**پوختە**

ئەم لێکۆڵینەوەیە تەرخانکراوە بۆ ڕەوشی زیندانییانی سیاسیی کورد لە تەواوی کوردستانی باشوور، هەروەتر کوردەکانی دیکەی عێراق لە سەردەمی یەکەمی بەعسدا، کە لە ماوەی ٨-٢-١٩٦٣ تا ١٨-١١-١٩٦٣ زیندانیی کراون. دوای ئەوەی لە بەرەبەیانیی ٨ی شوباتی ١٩٦٣دا، بەعسییەکان و باڵە سەربازییەکەیان (حەرەس قەومی) کە بە ترسناکترین میلیشیای مێژووی هاوچەرخی عێراق ناوزەد دەکرێت، بە هاوپەیمانێتیی ناسرییە نەتەوەییەکان، توانییان کودەتایەکی سەرکەوتوو ئەنجامبدەن. هەمان ڕۆژ کەوتنە گرتنی نەیارەکانیان لە ئەندامانی حیزبی شیوعی و ڕەمزەکانی نێو دەسەڵاتی (عەبدولکەریم قاسم ١٩١٤-١٩٦٣) کە خۆیشی لە هەمان ڕۆژدا دەستبەسەر کرا و بۆ ڕۆژی دواتر، لە لایەن بەعسییەکانەوە گوللەباران کرا. بۆ ڕەوایەتیدان بە گرتن و ڕەشکردنەوەی شیوعییەکان لە هەمان ڕۆژی کودەتاکەدا، بەعسییەکان بەیانی ژمارە سێزدەیان دەرکرد. کە بەم هۆیەوە ژمارەیەکی بێشومار لە شیوعییەکان دەستبەسەرکران و ڕاپێچی نێو زیندان کران، بەشێک لە شیوعییەکان کورد بوون، کوردانی فەیلیی بەغداد و دەوروبەری بەشێکن بوون لەم زیندانییانە.

لەگەڵ ئەوەی لە سەرەتادا، کورد پیرۆزبایی لە کودەتاچییەکان کرد و (ساڵح یووسفی)یش سەرکەوتووبوو لە بەردانی بەشێک لە زیندانییە سیاسییەکانی کورد، کە لە سەردەمی ڕژێمی پێشوودا گیرا بوون، بەڵام دوای بە ئەنجامنەگەیشتنی گفتوگۆکانی نێوان کورد و بەعسییەکان لە ٩-٦-١٩٦٣دا، سەرەتا لە شاری سلێمانیدا نزیکەی ٥٠٠٠ کەسیان گرتن و ژمارەیەکیان زیندەبەچاڵ و گوللەبارانکردن. دواتر لە تەواوی شار و شارۆچکەکانی تری کوردستان و عێراقدا، میلیشیای حەرەس قەومی کەوتنە گرتن و ڕاوەدوونانی کورد بە تاکە تۆمەتی کوردبوون و

پشتگیریکردن لە شۆڕشی ئەیلوول. ئەو کەسانەی کە گیراون چیرۆکگەلێک دەگێڕنەوە کە تەواو نامۆ و تراژیدین. بەپێی گێڕانەوەکانیان بێت لە زیندانەکانی حەرەس قەومیدا، زیندانییان بە توندترین شێوە و ڕەفتاری هۆڤانە ئەشکەنجە دراون چ لە ڕووی دەروونییەوە یانیش جەستەییەوە، بەشێکیان لەتاو ئازار و ئەشکەنجەی زۆرەوە گیانیان سپاردووە یاخود کەمئەندام و شەلەل بوونە. ئەمە جگە لەوەی بەشێکیان لە خوێندن، کار و کارمەندی دابڕاون، سەرەنجام بەم هۆیەوە ماڵ و منداڵیان تووشی گیروگرفتی ئابووری و کۆمەڵایەتی بوونە.
**کلیلە وشە:** حەرەس قەومی، بەعسییەکان، زیندانییانی سیاسی، ئەشکەنجەدان، پارتی دیموکراتی کوردستان، حیزبی شیوعیی عێراقی، شۆڕشی ئەیلوول.

## ڕەوشی زیندانیانی سیاسیی کورد لە عێراق لە سەردەمی حەرەس قەومی ٨-٢-١٩٦٣ تا ١٨-١١-١٩٦٣

### ١-١ پێشەکی

بە هاتنی بەعسییەکان (حەرەس قەومی) بۆ سەر تەختی دەسەڵات لە عێراق، کە ئەمەش لە ئەنجامی کودەتایەکی سەرکەوتوو بوو بە هاوپەیمانیی ئەفسەرانی ناسرییە نەتەوەییەکان لە ٨-٢-١٩٦. گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لەسەر شانۆی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و سەربازی بەدیکرا. کورد و باشووری کوردستانیش بەشێکی زۆری کەوتە ژێر ئەو کاریگەرییە نەرێنییانەی کە لەژێر سایەی دەستەڵاتی بەعسییەکان لە سەردەمی یەکەمی حوکمڕانییاندا لە دژی گەلی عێراق و باشووری کوردستانیان پیادەکرد. یەکێ لەو نەهامەتییانەی کە لەو ئانوساتەدا بەسەر کورددا هات، هێرشکردنە سەر کوردستان، وێرانکردنی گوند و دێهاتەکانی بوو، دەرکردن و ئاوارەکردنی خەڵکی کوردستان و هەڵاتنیان بۆ ناوچە ڕزگارکراوەکانی ژێر دەستی شۆڕش. ئەوەی گرنگە لەم توێژینەوەیەدا ئاماژەی پێ بدەین، خۆی دەبینێتەوە لە لێکۆڵینەوەیە لەو ڕەشبگیرییەی کە بە تاک و کۆمەل، خستنە زیندان لە ساڵی ١٩٦٣دا لە لایەن بەعس (حەرەس قەومییەکان)ەوە، کە لە مێژووی پێش ئەوکاتە ڕوووینەداوە. بە جۆرێک کە گرتن، ئەشکەنجەدان و کوشتنی نەیارانیان گەیاندە لوتکە، دەشێت ناویان لێ بنێین زیندانییانی سیاسی، چونکە هیچ تاوانێکیان نەکردبوو، جگە لە بوونی جیاوازیی بیروڕای سیاسی و نەتەوەیی. تەنانەت هەندێک لە گیراوەکان قوتابی بوون، هێشتا خەریکی خوێندنی دواناوەندی و زانکۆ بوون، تازە لە سەرەتایی تەمەنی لاویەتیدا بوون. ئامانجی حکووماتی عەرەبیی عێراقییەکان بریتی بووە لە لێسەندنەوەی ئازادی لە تاکی کورد، کەچی لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتوودا، زیندانەکان ناوندێکن بۆ چاکسازیی کۆمەڵایەتی، هزری و ڕەوشتی، هەروەها

دەروازەیەکن بۆ دووبارە دەستپێکردنەوەی ژیانێکی تازە دوای ئازادکردنیان. بە پێچەوانەوە لە عێراق زیندان بووەتە شوێنی ئەشکەنجەدان، چەپاندن، کۆنترۆلکردن و شێواندنی تاکی کورد لە ڕووی دەروونی و جەستەیەوە.

لە ماوەی نووسینی ئەو توێژینەوەیەدا، بەشی زۆری ئەو زیندانییە کوردانەی کە لەژێر دەستەڵاتی حکوومەتی عێراق گیراون، ئەندام و لایەنگری پارتی دیموکراتی کوردستان، یاخود حیزبی شیوعیی عێراق بوون، کەمێکیشان لە لایەنگیرانی (عەبدولکەریم قاسم)ن. بۆیە زۆر جار پیاوانی دەزگاسەربازی و ئەمنییەکانی عێراق لەکاتی لێکۆڵینەوە لەگەڵ گیراوانی کورددا، لە یەکتریان جیا نەکردوونەتەوە و داوایان لێ کردوون کە جنێو بدەن بە ڕەمزەکانی کورد و کۆمۆنیستەکان، وەک (مەلا مستەفا بارزانی) و (خرۆشۆف). بۆ ئەوەی بتوانن لەم ڕێگایەوە ئاراستەی سیاسیی کەسی گیراو دەربخەن و پێی تاوانبار بکەن و بیخەنە زیندانەوە. هەندێک جاریش پرسیاریان لێ کردوون بۆ دڵنیابوون لە ئەگەری ئەوەی، بارزانی یاخود خرۆشۆف و سەرکردەکانی دیکەی پارتی و کۆمۆنیستیان خۆش بووێت .

لەکاتی ڕوودانی هەر کودەتا و گۆڕانکارییەک لە عێراقدا، لایەنی سەرکەوتووی کودەتا زیاترین هێرشیان کردۆتە سەر کوردستان و زۆرترین کوردیان گرتووە و ڕاپێچی نێو زیندانەکانیان کردوون. وەک چۆن بە هاتنی بەعسییەکان لە شوباتی ١٩٦٣دا، کە کوژرانی (عبدالكريم قاسم)ی لێ کەوتەوە، گەرچی بۆ ماوەیەک بەعسییە حەرەس قەومییەکان لەبەر چەند هۆیەک هێرشەکانیان بۆ سەر کوردستان دواخست، بەڵام دوای شکستی گفتوگۆکانی نێوان شۆڕشی کورد و حکوومەتی عێراق، لە حوزەیرانی ١٩٦٣دا هاوکات لەگەڵ هێرشە فراوانەکەیان بۆ سەر کوردستان، زۆرترین خەڵکی کوردستانیان گرت و بە دڕندانەترین شێوە

ئەشکەنجەیان دان کە لە ئەنجامدا هەندێکیان گیانیان سپارد. تاوانەکانی حەرەس قەومی بە جۆرێک بوون کە سەرکردەکانی بەعسیش نکوڵیان لێ نەکردووە، ئەوەتا سەرۆکوەزیرانی عێراق (ئەحمەد حەسەن بەکر) لە وتارێکیدا، بە بۆنەی ساڵیادی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨. لە تەمووزی ١٩٦٣دا دان بەوە دادەنێت کە هەندێک لە ئەندامانی حەرەس قەومی هەڵەیان کردووە (بکر، ١٩٦٣، ١٥).

**١-٢ تەوەرەکانی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوە پێکهاتووە لە دەروازەیەکی مێژوویی زیندانییانی سیاسیی کورد لە سەردەمی (عبدالکریم قاسم)دا، هەروەتر لەگەڵ سێ تەوەرەی سەرەکی، کە تەوەرەی یەکەم: تەرخانکراوە بۆ ڕێگاکانی گرتنی زیندانییەکان، هەروەها چۆنیەتیی دیتنەوەی و دەستکەوتنی ئەو کوردانەی کە تاوانبارکراون بە پشتگیریکردنی شۆڕشی ئەیلوول یاخود لە بەرەکانی جەنگ وەکوو دیل کەوتوونەتە دەست حکوومەتی عێراق، زۆرجاریش تەنها بە هۆی کوردبوونیانەوە، بەتایبەتی لە دوای هاتنی حەرەس قەومی بۆ سەر دەسەڵات لە ساڵی ١٩٦٣دا. تەوەرەی دووەم: باس لە چۆنییەتی مامەڵەکردنی دەستەڵاتدارانی عێراق لە هەمبەری زیندانییانی کورددا. وەکوو ئەشکەنجەدانی جەستەیی و دەروونی، جۆرەکانی خواردن و خواردنەوە، ژمارەی گیراوان لە زینداندا، جۆری گیراوان (پیر، گەنج، مندال، ژن). تەوەرەی سێیەم و کۆتایی: تەرخانکراوە بۆ چارەنووسی زیندانییەکان. مردن لەژێر ئەشکەنجەدان، هەڵاتن و ڕاکردن، ئازادبوون و لێخۆشبوون، گۆڕینەوە بە دیل.

**١-٣ شیکردنەوەی سەرچاوەکانی لێکۆڵینەوە:** سەرچاوەکانی ئەو لێکۆڵینەوەیە هەمەجۆرن، کە بریتین لە سەرچاوەی ڕەسەن و چاوپێکەوتن لەگەڵ زیندانییانی کورد لەو سەردەمەدا. یەکێک لە سەرچاوە هەرە بە سوود و ڕەسەنەکان، بریتییە لە پەرتووکی (شەڕە لەبیرکراوەکە ڕاپۆرتێک

لە کوردستانەوە)، (د. سەلاحەدین ڕاستگەلدی). ئەم پەرتووکە بە زمانی سوێدی نووسراوە، هەرچەند نووسەر بۆ ماوەی دە ڕۆژان لەنێو شۆڕشی ئەیلوولدا ماوەتەوە، بە جۆرێک لە ڕێکەوتی ١٨-٨-١٩٦٦ هەتا ٢٨-٨-١٩٦٦، بەڵام زانیارییەکانی ورد و بەسوودن دەربارەی ڕەوشی ئەوکاتی ئاوارەکانی ژێر دەستی شۆڕش، بارودۆخی پێشمەرگە و بەرەکانی شەڕ. هەروەها ڕەوشی بریندار و نەخۆشخانەکان و چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەو زیندانییانەی لە ناوچە ئازادکراوەکانی کە لەژێر دەستی شۆڕشدا بوون. پەرتووکەکەی بە یەکێک لە هەرە سەرچاوە ڕەسەنەکانی ئەم توێژیەوەیە ناوزەد دەکرێ. سەرچاوەیەکی دیکە گرنگ، ئەم لێکۆڵینەوەیە (هاشم تەها ئاکرەیی)، کە بە زمانی عەرەبی نووسراوە، بە ناونیشانی (من ذكرياتي في السجن)، کە بە شێوەیەکی زۆر ورد باسی ئەشکەنجەدانی هێزە ئەمنییەکانی عێراق لە سەردەمی (عبدالكريم قاسم) و حەرەس قەومییەکان دەکات. سەرچاوەیەکی دیکەی ڕەسەن (المنحرفون من الحرس القومي)ە کە لە ساڵی ١٩٦٤دا بڵاوکراوەتەوە، باس لە ددانپێدانانی چەند قوربانییەکی ژێردەستی حەرەس قەومی دەکات بە تایبەتی ئەو ئافرەتانەی دەستدرێژییان کراوەتە سەر. یەکێکی دیکە بەرهەمی (توفيق الناشي) و (ابتسام الرومي)ە کە پەرتووکی (طوارق الظلام)ە و گێڕانەوەیەکی مێژووییە، ئەم پەرتووکە باس لە ڕەوشی زیندانییانی سەردەمی حەرەسی قەومی دەکات لە ساڵی ١٩٦٣دا.

**١-٤ ئاستەنگ وگیرو گرفتەکانی لێکۆلینەوە:** لە کاتی ئەنجامدانی ئەم لێکۆڵینەوەیە، چەند گرفتگەلێک دروست بوون، لەوانە زۆربەی ئەو کەسانەی کە لەو ماوەیەدا زیندانی کرابوون، لە ژیاندا نەمابوون بۆ ئەوەی لە ڕێی چاوپێکەوتن و هەڤپەیڤینەوە لە زاری خۆیانەوە زانیاریی زیاتر و بەپێزتر بدەن بە توێژەر، جگە لەمە بە هۆی مەترسیی ڤایرۆسی کۆرۆنا، کەسانێک ئامادە نەبوون بۆ چاوپێکەوتن. زیاتر لەوەش، دەستنەگەیشتن بوو بە هەندێک سەرچاوە و دۆکیۆمێنتی ڕەسەن، کە لە بەغدا و

ناوچەکانی تری باشوور و ناوەڕاستی عێراق دەستدەکەوتن، ئەمەش هەر بە هۆکاری نەخۆشی کۆرۆنا و بارودۆخی ئەمنی، چونکە زۆربەی زیندانەکان لەو ناوچانەدا بوون. ئەگەر ئەو سەرچاوانەی کە ئاماژەم پێدان وەکوو پێویست بەردەست بوونایە، بێگومان ئەوکاتە ئەو توێژینەوەیە لە ڕووی چەندێتی و چۆنایەتییەوە بەهێزتر و زەنگینتر دەبوو. ئەوەی جێی داخە زۆربەی سیاسی و کەسایەتییەکانی کورد لە نێویاندا زیندانییەکان، یادەوەرییەکانی ئەوسای خۆیان نەنووسیووەتەوە، جگە لە ژمارەیەکی کەمیان نەبێت. ئەوەش وایکردووە کە زانیارییەکان وەکوو پێویست دەستنەکەوێ دەربارەی ئەم بابەتە .

**١-٥ ئامانجی توێژینەوەکە:**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە هەوڵدانە بۆ تیشکخستنەسەر ڕەوشی زیدانییە سیاسییەکانی کورد لە سەردەمی یەکەمی بەعس لە ساڵی ١٩٦٣دا. لەم توێژینەوەیەدا پشت بە میتۆدی توێژینەوەی زانستی مێژوویی بەستراوە بۆ ئەوەی لە ڕێگەی بەکارهێنانی سەرچاوە مێژووییەکان و بەڵگەنامە باوەڕپێکراوەکانەوە لە ئەنجامی توێژینەوەکە نزیک ببینەوە، کە بریتییە لە دەرخستن و بیرخستنەوەی دڕندانەترین شێوەی ئەشکەنجەدانە لە لایەن حەرەس قەومییەکانەوە بەرانبەر بە زیندانییەی سیاسییەکانی کورد.

**٢-١ دەروازەیەکی مێژوویی زیندانیانی سیاسی لە دوای ساڵی ١٩٥٨ەوە:**

پاش ئەوەی ڕێکخراوی ئەفسەرە ئازادیخوازەکانی عێراق، چەندین جار شکستیان هێنا لە ئەنجامدانی کودەتا لە دژی ڕژێمی پاشایەتیی عێراق، دواجار سەرکەوتوو بوون لە کۆتاییهێنان بەو ڕژێمە و لە ١٤ی تەممووزی ساڵی ١٩٥٨دا. (الزبیدی، ١٩٨١، ١٧٧-١٩٣). کودەتاکە وەکوو شۆڕشێک بوو بە خاڵێکی وەرچەرخان، لە

ڕووی ئابووری، کۆمەلایەتی و سیاسی. هەرچەند کورد پشتیوانییەکی گەورەی لە شۆڕشەکە کرد، لە ڕێگای خۆپیشاندانە جەماوەرییەکان، هەروەها لە ڕووی سەبازییشەوە چەند ئەفسەرێکی کورد ڕۆڵێکی گرنگ و بالایان هەبوو لە سەرخستنی شۆڕشەکەدا، بۆ نموونە (موقەدەم فەتاح شالی، عەقید عادل جەلال، ڕەئیس مستەفا عەبدوڵلا) (قادر، ٢٠١٢، ٤٠٨). لەگەڵ ئەوەی دوای لەناوچوونی ڕژێمی پاشایەتی لە ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨دا و هاتنی (عەبدولکەریم قاسم) بۆ سەر کورسی دەسەڵاتی عێراق، کورد بوو بە خاوەنی چەند دەستکەوێت لە ئاماکی ئەم گۆڕانکارییە و ڕووداوانەدا، کە دەکرێت لەم خاڵانەدا چڕ بکێرەنەوە: یەکەم. ئازادکردنی سەدان زیندانیی کورد کە لە سەردەمی (نووری سەعید) و پاشایەتیدا دەستگیرکرابوون. دووەم، بەپێی دەستووری کاتیی عێراق، گەلانی سەرەکی لە وڵاتدا کە کورد و عەرەبەن، لە ئەرک و مافدا یەکسانن. سێیەم، گەڕانەوەی بارزانی لە ڕووسیای سۆڤێت لە ساڵی ١٩٥٩دا بە ڕەزامەندیی حکوومەتی عێراق. چوارەم، ڕێپێدانی پارتی وەکوو حیزبێکی فەرمیی کوردستانی عێراق-(Schmidt, 1964, 125-126). بەڵام زۆری نەبرد ململانێ و ناکۆکی کەوتە نێوان پارتی و (قاسم) و ئەمە بە ڕوونی بەدیکرا، واتە وەکوو پێویست کار بە بەندەکانی دەستووری کاتیی عێراق نەکرا و ئەندامانی پارتی ڕاپێچی زیندانەکانی عێراق کران. ئەمەش بەر لە هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول لە ١١-٩-١٩٦٣ و هاتنی بەعسییەکان بۆ سەر دەسەڵات لە شوباتی ١٩٦٣دا. حەرەس قەومییەکان کەوتنە گرتنی کوردە پارتی و شیوعییەکان(1)، چەند نمونەیەکی گیرانی قوتابی چالاکوانی کورد لە ناوچە جیاجیاکانی عێراق لە سەرچاوە مێژووییەکان تۆمارکراون.

## ٢-٢ گرتن بەهۆی بەیاننامەی حیزبی نەیار و وێنەی ڕەمزەکان:

ئەوەتا لە حوزەیرانی ١٩٥٩دا کاتێک هەردوو قوتابیی کورد، (هاشم ئاکرەیی) و (توران عەبدولحەکیم زاخۆیی) بە شەمەندەفەر لە بەغدادەوە بەرەو موسڵ و دواتر بۆ شوێنی نیشتەجێبوونیان لە کوردستان دەگەڕێنەوە، هەردووکیان لەلایەن سێ ئەفسەری سوپای عێراق لە نێو شەمەندەفەردا دەستگیر دەکرێن. (هاشم ئاکرەیی) بە تۆمەتی دۆزینەوەی سێ وێنە لە نێو جانتای سەفەرکردن. وێنەکانیش هیی (عەبدولکەریم قاسم، بارزانی و جیڤارا)ن. دواتر لە کاتی گەیشتنیان بە موسڵ، بە جیا بەرەو بنکەی پۆلیس ڕەوانەدەکرێن. لەوێ لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت. (هاشم ئاکرەیی) بۆ ڕۆژی دواتر، دوای تەواوبوونی لێکۆڵینەوەکەی ئازاد دەکرێت و دەگەڕێتەوە ئاکرێ. هەرچی (توران عەبدولحەکیم زاخۆیی) بوو، بە تۆمەتی شیوعیبوون و دۆزینەوەی بەیبیاننامەی ئەو حیزبە بۆ جەژنی کرێکاران لە ١ی ئایاردا، بۆ ماوەی دوو ساڵ سزای زیندانیکردنی بە سەردا دەسەپێندرێت، ماوەی گرتنەکەی لە زیندانەکانی موسڵ و ڕومادیدا بەسەر دەبات. دواتر بۆ ماوەی ساڵێک دەخرێتە ژێر چاودێریی زۆرەملێ (المراقبة الجبرية). بەهۆی گرتنەکەیەوە، قوتابیی ناوبراو سێ ساڵ لە خوێندن دادەبڕێت و ژیانی بەهەدەر دەڕوات. تاوانەکەیشی تەنها ئەوە بووە کە بەیاننامەی حیزبێکی ڕێگەپێدراوی لە دەست گیراوە (ئاکرەیی، ٢٠١٨، ٣٣-٣٧). هەروەها کەسایەتیی دیاری ناوچەی پشدەر (عەبدوڵڵا ئەحمەد ڕەسووڵ) لە مانگی شوباتی ١٩٦٠دا لە بەغدا دەگیرێت لە لایەن (حەرەس مقاوەمەی شەعبی) و ڕاپێچی نێو زیندانی پۆلیسخانەی شارەکەی دەکەن، تۆمەتەکەشی ئەوەبووە کە گونییەیەک بەیاناتی پارتی لێ گیراوە، کە ویستویەتی لە مەکتەبی سیاسیی پارتی بیگوازێتەوە بۆ ماڵی (عومەر دەبابە) لە کەرکووک، بەهانەکەشیان نەبوونی مۆری ڕەقابەی سەربازیی بووە لە سەر بەیانەکان. دواتر هەرچەندە بە کەفالەت

ئازاد دەکرێت، بەڵام دووبارە دەبرێتە بەردەم دادگا لەسەر هەمان تۆمەت (پشدەری، ٢٠٠٩، ١٢٠-١٢٥).

### ٢-٣ دەستگیرکردنی ئەندام و لایەنگرانی پارتی

هاوکات هەر لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول لە ١١-٩-١٩٦١دا، بە تۆمەتی کوردبوون و پاڵپشتیکردن لە شۆڕشی ئەیلوول، حکوومەتی عێراقی کۆمەڵێک خەڵکی خستە زیندانەوە کە لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان و شاری بەغدا بوون، مەبەستی حکوومەتی (قاسم) بریتی بووە لە کۆتاییهێنان بە شۆڕشی ئەیلوول یاخود بێهێزکردنی، هەروەها ڕێگەگرتن لە پڕوپاگەندە دژی حکوومەتی عێراق، لەپاڵ ئەمانەشدا دەیانویست بەربەست دروستبکەن لەبەردەم لاوانی کورددا بۆ ئەوەی نەتوانن پەیوەندیی بە شۆڕشەوە بکەن. بە تایبەتی لە شاری سلێمانی (زەعیم سەدیق) ئامیر لیوای بیستی سوپای عێراق دەسەلاتی ڕەهای لە لایەن (عەبدولکەریم قاسم) پێدرا بوو بۆ کپکردن و دەمرکاندنەوەی شۆڕش، هەر بۆیە هەڵسا بە گرتن و کوشتنی خەڵکی شارەکە و دەوروبەری (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە سەعید، ٢٠١٦، ٧١-٢٠٥، کە دانەری ناوبراو دەیان زیندانیی سیاسی ئاماژە پێداوە لە ئەیلوولی ١٩٦١-شوباتی ١٩٦٣). بە هەمان شێوە پارێزگاری هەولێر (بەدرەدین عەلی)(٢) خەڵکێکی زۆری هەولێری کوشت و خستنیە کووچی زیندانەوە، تۆمەتەکشیان پشتگیریکرشنی شۆڕشی ئەیلوول بوو. بە هۆی خوێنڕێژی و دڕندەبوونیان، هەردووکیان لە لایەن حەرەس قەومییەوە لە پۆستەکانیان هێڵدرانەوە. لە دوای کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ـەوە ڕێژەی کوشتن و گرتنی کوردەکانیان زیاتر کرد. یەکێک لەوانەی کە کاتژمێر ٢ی شەوی ١٠-٩-١٩٦١، لە شاری موسڵ گیراوە (علی سنجاری)(٣)

بووە، کە بە تۆمەتی ئەندامبوونی لە ڕێکخستنە نهێنییەکانی پارتی، دواتر ڕەوانەی زیندانی ئەمنیی موسڵ کراوە. لە کاتی لێکۆڵینەوە، بە جۆرێک ئەشکەنجە دراوە کە تەمەنناى مردنی کردووە، بەڵام ئامادەنەبووە ددان بنێت و ناوی هاوڕێکانی نەدرکاندووە و خیانەتی لێ نەکردوون، تەنانەت وەکوو ترساندنێک دواجار پێیان ڕاگەیاندووە فەرمانی لەسێدارەدانی بۆ دەرچووە لە لایەن (عەبدولکەریم قاسم)ـەوە، داوایان لێ کردووە وەسییەت بکات بۆ ماڵ و منداڵی، بەڵام هەر ئامادە نەبووە بە هیچ شێوەیەک ددان بە هیچ شتێک بنێت ( سنجاری، ٢٠١٥، ١٤).

## ٢-٤ گیران بە تۆمەتی قاچاخچەتی و هاوکاریکردنی پێشمەرگە بە گەیاندنی پێداویستییەکان:

هاوکات لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول، حکوومەتی عێراق ئابلوقەی خستبووە سەر ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان. بۆیە هەر مامەڵەکردنێک لەگەڵ پێشمەرگە و شۆڕشی کوردستان قەدەغە بوو و دەچووە خانەی تاوان و خیانەتکردن لە وڵات لە لایەن حکوومەتی عێراقەوە، بۆیە جگە لەوەی کە ڕێکخراوی خاچی سووری نێودەوڵەتی هەندێک دەرمان و پێداویستیی پزیشکی دەنارد، هیچ هاوکاری و یارمەتییەک نەدەگەیشتە دەستی پێشمەرگە. بەم شێوەیە ناوچەکانی ژێر دەستی شۆڕش، بە تایبەتی لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلوولەوە تا ماوەی زیاتر لە ساڵ و نیوێک لە ژێر ئابلۆقەیەکی زۆر توندا بوون. (قفطان، ٢٠٠٤، ٢١٢). بۆیە لەم هەلومەرجە سەختەدا، بە ناچاری پەنا بردراوەتە بەر کاری قاچاخچیەتی بە مەبەستی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانەی کە شۆڕش لە ڕووی کەلوپەل و هەندێ پێداویستی تووشی بووبوو، گرنگترینیان بریتی بوون لە چەک و تەقەمەنی، خواردن بە تایبەتی گەنم و بەرهەمەکانی، پێداویستییە پزیشکییەکان، جلوبەرگ، خێمە و بەتانی

(راستگەلدی، ٢٠٠٤، ٢٨، ٦٩-٧٨). لە کاتێکدا قاچاخچییەکان بە کاری قاچاغی پێداویستییە سەرەکییەکانی شۆڕشیان پڕ کردۆتەوە، هەندێک جار لە بازگەکانی حکوومەتی عێراقدا یان لە ڕێگادا دەستبەسەرکراون، ئەمەش بەهۆی ئەوەی ناسنامەیان پێ نەبووە و بە قاچاخچی تاوانبارکراون. بە نموونە (عەلی عەزیز) لە ساڵی ١٩٦٢دا لەلایەن پۆلیسی عێراقی گیراوە، چونکە ناسنامەی پێ نەبووە کە شۆفێر و قاچاغچی بووە، دواتر نێردراوە بۆ لێپرسینەوەی سەربازی، هەر بەم هۆیەوە زیندانیکراوە هەتا کوژرانی (عەبدولکەریم قاسم) لە شوباتی ١٩٦٣دا (هەمان سەرچاوە، ٢٠٠٤، ١٢٤-١٢٥). هەر لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوولەوە لە ساڵی ١٩٦١دا (زەعیم سەدیق)، لە سلێمانی خەڵکێکی زۆری خستە زیندانی ئینزیباتخانەوە، بە تۆمەتی هاوکاریکردنی شۆڕش بە ناردنی خواردن، جلوبەرگ، چەک و داودەرمان. گیراوەکان زیاتر کەسانی بەتەمەن بوون، یەکێک لەو کەسانە (حاجی فەرەجی سوسێ) بوو، کە لە لایەن سەربازەکانی (زەعیم سەدیق)ـەوە بەم تەمەن و سەروڕیشە سپییەوە دەگیرێت. (سەعید، ٢٠١٦، ٣٦٥).

## ٣-١ زیندانیانی سیاسیی کورد لە سەردەمی حەرەس قەومی ٨-٢-١٩٦٣ تا ١٨-١١-١٩٦٣

هاتنی حەرەس قەومی لە شوباتی ١٩٦٣دا بۆ سەر تەختی دەسەڵات، ڕووداوێکی نائاسایی و ترسناک بوو لە مێژووی هاوچەرخی عێراقدا. هەر لە یەکەم ڕۆژەوە هەتا کۆتاییپێهاتنیان لە تشرینی دووەمی هەمان ساڵدا، ئەوپەڕی توندوتیژییان بەکارهێنا بەرانبەر نەیارەکانیان. بەم شێوەیەی خوارەوە دەکرێت ڕاڤە و پۆلێنی هەڵسوکەوتە ناشیرین و نامرۆڤایەتییەکانیان بخرێتەڕوو:-

### ٣-١-١ هاتنی حەرەس قەومی بۆ سەر تەختی دەسەڵات:

لە کۆتاییی ساڵانی ١٩٦١ و ١٩٦٢دا، ڕێکخستنەکانی سەربازی و سیاسی کە پێکهاتبوون لە چەند ئەفسەرێکی توندڕەو و سەرکردەی بەعسی لە بەغدادا، بە شێوەیەکی نهێنی کەوتنە جموجۆڵ و خۆڕێکخستنەوە، بە مەبەستی ئەنجامدانی کودەتا لە دژ بە حکوومەتی (عەبدولکەریم قاسم). بۆ ئەم مەبەستە شانەی نهێنیی ڕاهێندراو و چەکداریان پێکهێنا، لە ژێر ناوی (لجان إنذار) کە ئەرکیان پاڵپشتیکردنی سوپا بوو لە کۆتایی پێهێنان بە ڕژێمەکەی قاسم. کردەوە چەکدارییەکانیان لە شێوەی باند و شەقاوەی سەر جادە دەچوون (الخفاجي، ٢٠١٥، ٢٣-٣٠). لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٢دا ئەو کۆمەڵە ئەفسەرەی کە ناویان لە خۆیان نابوو ئەفسەری ئازاد. کەوتنە گفتوگۆ لەگەڵ ژەنەراڵ (مستەفا بارزانی) بە مەبەستی بەدەستهێنانی پشتگیریی کورد، پێیان ڕاگەیاند کە دەیانەوێ ڕژێمی (عەبدولکەریم قاسم) کۆتاییپێبهێنن. ژەنەراڵ (تاهیر یەحیا) (بارزانی) دڵنیاکردەوە ئەوان ددان دەنێن بە مافەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی عێراقدا. (ڕاستگەلدی، ٢٠٠٤، ١٣٨)، بەڵام لە ڕاستیدا کۆمەڵە ئەفسەرێکی بەعسی و ناسری قەومی بوون، کە بڕوایان هەبوو بە دەسەڵاتی پان-عەرەبیست، بەعسیزم، دژە کورد و عەسکەرتاریەت. دوای هاتنە سەر دەسەڵات ئەو بیرۆکە و دروشمانەیان لە دژی کورد بە کردار سەلماند. لە کۆتایی کانوونی دووەمی ١٩٦٣دا بەعسییەکان ناویان لە (لجان إنذار) گۆڕی بۆ حەرەس قەومی، سەرکردە بەعسییە گەڕاوەکانی سووریا چوونە پاڵ حەرەس قەومی، کە زۆر چاک ڕاهێندراوبوون لە بەکارهێنانی چەک، کوشتن، شەڕی دەستەویەخە و کۆڵان بە کۆڵان، ئەندامانی سەر بەم گرووپە قاتی خاکییان لەبەر دەکرد و کەتافەیەکی سەوزیان لەسەر باسکیان دادەنا و پیتەکانی (ح. ق.)یان لەسەر نووسیبوو، کە کورتکراوەی (الحرس القومي) بوو (الخفاجي، ٢٠١٥، ٣١). هەرچەند ئەم ڕێکخراوە لەژێر ناونیشانی

خەباتی میللییەوە دروست بوو، بەڵام کارە نەگریسییەکانیان بریتی بوو لە ڕێگری، دزین، کوشتن و دەستدرێژیکردنە سەر شەرەفی ئافرەتان. (هیئة الدليل للجمهورية العراقية، ١٩٦٤، ٩). بەعسییەکان بە هاوپەیمانێتیی ناسرییەکان سەرلەبەیانیی ڕۆژی ٨ی شوباتی ١٩٦٣، توانیان کودەتاکەیان بەسەرکەوتوویی ئەنجام بدەن و ڕۆژی دواتر (عەبدولکەریم قاسم)یان گوللەبارانکرد (ئەحمەد حەمیدی، ١٩٨٩، ٢٢١) لە ڕۆژی سێیەمی کودەتاکەدا چۆنیەتیی کوژرانی ناوبراو و هەروەها لاشەکەی لەسەر تەلەفزیۆن نیشاندرا، لێرە بەدواوە بە توندترین شێوە کەوتنە ڕاوەدونان و گرتنی شیوعییەکان (Iraqi Situation, February 10, 1963, 1, 461). ئەنجامدەرانی کودەتاکە، هەر لە هەمان ڕۆژی کودەتادا ڕووبەڕووی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکانی شیوعییەکان بوونەوە، ڕووبەڕووبوونەوەکان پەلیکێشا بۆ شەڕی چەکداری و چەندین کوژراوی لێکەوتەوە. بەم شێوەیە شیوعییەکان نەیانتوانی خۆیان لە ڕق و قینەی بەعسییەکان لابدەن کە پاشخانێکی مێژوویی لە ململانێ، لە نێوانیاندا هەبوو، هەر لە بەیاننامەکانی ژمارە ١ و ٢ حیزبی شیوعی لە ڕۆژی کودەتادا لە دژی کودەتاکە دەرچوو بوون، کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لەسەر ڕەفتار و مامەڵەی بەعسییەکان بەرانبەر ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی شیوعی، سەرەنجام ژمارەیەکی زۆری شیوعییەکان گیران و لەناوبردران (قادر، ٢٠١٢، ٤١١). سەرکەوتنی کودەتاکەی بەعسییەکان، ڕەوشەکەی ئەوەندەی تر بۆ شیوعییەکان نالەبارتر و ئاڵۆزتر کردبوو، بە تایبەتی دوای ئەوەی بەعسییەکان بەیاننامەی ژمارە سێزدەیان دەرکرد، بەیاننامەکە لە لایەن (هەننا ئەلعەمری) هاوسەری (عەلی ساڵح ئەلسەعدی) لە ڕادیۆی عێراقەوە، بە زمانێکی توند و هەڕەشەئامێزەوە خوێندرایەوە، بە جۆرێک ناوی سەرۆکی لەسەرکارلادراوی عێراقی گۆڕدرابوو بۆ (عەدوا کەریم قاسم) وەکوو لە (عەبدولکەریم) ناوی نەهێندرا. ئەم بەیاننامەیە بە یەکێک لە خراپترین بەیاننامەکانی نێو مێژووی هاوچەرخی عێراق دادەنرێت (الخفاجي، ٢٠١٥، ١١٩-١٢٢). هەروەها داوا لە ئەندامانی

میلیشیای حەرەس قەومی کراوە، بکەونە ڕاوەدونان و لەناوبردنی شیوعییە تاوانبارەکان وەک هاتووە: (التبليغ عن الشيوعيين المجرمين و إبادتهم). بەم شێوەیە بەیانەکە شەرعییەت و ڕەوایەتیدا بە حەرەس قەومییەکان بۆ ئەوەی هەوڵی لەناوبردن و تەسفیەکردنیان بدەن، کە پێدەچێت پێشووتر خۆیان بۆ ئامادەکردبێت و پلانیان بۆ داڕشتبێت. لە یەکەم ڕۆژی کودەتادا کەوتنە گرتنی سەرکردە و کادیرەکانی حیزبی شیوعی و بەتوندترین شێوە ئەشکەنجەیاندان بە بۆ ئەوەی ددانبنێن بەو تاوانەی دراوەتە پاڵیان، بە لەسێدارەدان و کوشتن تاوانەکانیان بەسەردا ساغدەکرایەوە، ئامانجیان سەرەکیشیان بریتی بووە لە تۆڵەکردنەوە و کۆتاییپێهێنانیان لە ڕووی فیزیکی و جەستەییەوە بە لایەنی کەم (الناشي و الرومي، ٢٠٠٨، ٥١-٥٢). ئیدی لەو ڕۆژگارە بە دواوە میلیشیای حەرەس قەومی، لە سەرتاسەری عێراقدا بەبێ هەبوونی فەرمانی دادوەر، لە هەر شوێنکاتێکدا بیانویستایە هەڵیاندەکوتایە سەر نەیارەکانیان و دەستگیریاندەکردن (هيئة الدليل للجمهورية العراقية، ١٩٦٤، ١٤٢).

(پەیکەری حووکمڕانی هاوپەیمانیی بەعسی و ناسرییە نەتەوەییەکان بەم شێوەیە بوو (ئەنجومەنی نەتەوەیی سەرکردایەتیی شۆڕش) کە پێکهاتبوو لە دوانزە ئەندامی بەعسی و چوار ئەندامی ئەفسەری نەتەوەیی عەرەب، دەسەڵاتی باڵای وڵاتیان لەئەستۆگرتبوو. یەکەم حکوومەتی حەرەس قەومی پێکهاتبوو لە جێگری پێشووی (عەبدولکەریم قاسم)، (عبدولسەلام عارف) وەکوو سەرۆک هەڵبژێردرا، (ئەحمەد حەسەن بەکر) بوو بە سەرۆکوەزیران، بەڵام لە ڕاستیدا دەسەڵاتی یەکلاکەرەوە و باڵا درا بە (عەلی ساڵح ئەلساعدی) کە جگە لەوەی جێگری سەرۆکوەزیران بوو، وەزیری ناوەخۆ سکرتێری سەرکردایەتی هەرێمی (عێراق) حیزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست، و فەرماندەی باڵای حەرەس قەومی، کە ئەو میلیشیایە بە فەرمانی ئەو سەدان کەسی لە نەیارەکانی دەسەڵات کوشت، بە تایبەت شیوعییەکان، دەربارەی ئەم بابەتە داتای جیاواز

بەردەستن، بەپێی هەندێک لە سەرچاوەکان، ژمارەی کوژراوان لەنێوان ٣٠٠٠ بۆ ٥٠٠٠ کەس بووە(Gibson, 2013, 99) ، بەڵام بەگوێرەی سەرچاوەی دیکە ئامارەکە دوو ئەوەندەی دیلە بەرزدەکاتەوە و بە ١٠،٠٠٠ شیوعی قەبڵاندووە (الخفاجي، ٢٠١٥، ١٢٨).

**٣-١-٢ هەڵوێستی کورد بەرانبەر بە حەرەس قەومی:**

دەربارەی هەڵوێستی خەڵکی کوردستان لە هەمبەر کودەتا سەرکەوتووەکەی بەعسییەکان (حەرس قەومی). بە گشتی هەڵوێستی کورد، پەرتەوازە بوو و خاوەنی یەک بۆچوون و دیدگا نەبوون لەم بارەیەوە. لە سەرەتای سەرکەوتنی کودەتاکە، هەڵوێستەکان خۆی دەبینییەوە لە نێوان پشتگیریکردن و پیرۆزباییکردن و لە لایەک دژایەتیکردن و وەستانەوە لە دژی کودەتاکە، لە لایەکی ترەوە. دەربارەی یەکەمین هەڵوێست، وەک ئاماژەی پێدرا بەر لە ئەنجامدانی ڕێککەوتنەکە، ڕێکەوتنی زارەکی هەبوو لە نێوان پارتی و ئەفسەرە قەومی و بەعسییەکان بۆ مەبەستی کۆتاییهێنان بە دەسەلاتی (قاسم)، بۆیە سەرەتا پارتی دیموکراتی کوردستان بە بروسکەیەک کە لە ڕێگای نوێنەرەکانی پارتی لە بەغداد (فوئاد عارف، شەوکەت عەقراوی، و سالح یوسفی) پەیام و پیرۆزبایی خۆی گەیاندە کودەتاچییەکان. (قادر، ٢٠١٢، ٤١١-٤١٢). بە هاتنی بەعسییەکان (حەرەس قەومی) بۆ ماوەیەکی کاتی، ئارامی باڵی کێشا بەسەر کوردستاندا، بە تایبەتی لە بەرەکانی شەڕ، ئەندام و لایەنگرانی پارتی دیموکراتی کوردستان نەکەوتنە بەر شالاوی ڕەشبگیریی بەعسییەکان. بۆ ئەم مەبەستە ئاگربەست لە نێوان حکوومەتی نوێی حەرەس قەومی و شۆڕشی ئەیلوول ڕاگەیەنرا، وەکوو نییەتپاکییەک موستەفا بارزانی لە کۆی ١٠،٠٠٠ دیلی عێراقی ٩،٥٠٠ یان ئازادکردن جگە لە هێشتنەوەی ٥٠٠ ئەفسەری سوپای عێراق لە زیندانەکانی شۆڕشی کوردستان .(Schmidt, 1964, 112) لە بەرانبەردا لە ناوەڕاستی

ئازاری ١٩٦٣دا، ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشی بەعسییەکان بەیانێکیان دەربارەی دانپێدانانی مافەکانی گەلی کورد دەرکرد. کە تێیدا ڕژێمی پێشووی قاسم تاوانبار دەکات لە کارنەکردن بە دەستووری کاتیی عێراقی ١٩٥٨، کە پێویستە کورد و عەرەب بە هاوبەشیی وڵات بەڕێوەببەن، هەروەتر لە ماف و ئەرکدا یەکسانن. زیاتر لەوەش، بانگەشەی پێدانی لامەرکەزی بە کورد و پێدانی مافی کەمینەکان لە سەر بنەمای دەستووری هەمیشەیی داهاتووی عێراق دەکرا، هەروەها پێکهێنانی لیژنەیەکی هەمیشەیی بە دیاریکردنی هێڵە گشتییەکانی لامەرکەزی (نشرة أربیل، ١٦-آذار-١٩٦٣، ٢). هەرچەند لیژنەکە پێکهێنرا و گفتوگۆیەکان لە نێوان کورد و حکوومەتی تازەی عێراق دەستی پێ کرد، ئەوە بوو لە نیسانی ١٩٦٣دا شاندی کوردی بە سەرۆکایەتیی مام جەلال ڕەوانەی بەغدا کرا، (جلال، ٢٠١٧، ٢١٩-٢٢٣) لێرە بەدواوە هەردوو لایەن دەستیان کرد بە دانوستاندن، دوو کەسایەتیی کورد، بوون بە وەزیر لە حکوومەتی عێراقدا، گەمارۆی ئابووریی سەر کوردستان هەڵگیرا، هێزەکانی حکوومەت لە زۆر ناوچە کشانەوە، بەڵام حکوومەت ئامادە بوو تەنها حوکمیزاتی بە دیاریکراوی بدات بە کورد. لە بەرانبەردا کورد داوای دەکرد کە ویلایەتێکی فراوانی پێ بدرێت، کە کەرکووکی دەوڵەمەند بە نەوتیش لەخۆبگرێت و دواجار بتوانن سوپایەکی بەهێز دروستبکات بۆ ئەوەی بەرگریی لەو ناوچە خۆبەڕێوەبەرییەکەی بکات، بۆیە دانوستاندنەکان شکستیان هێنا و لە حوزەرانی ١٩٦٣دا بەعسییەکان گەورەترین هێرشیان کردە سەر کوردستان، هەرچەند لە ئابی هەمان ساڵدا توانیان ناوچەی بارزان داگیربکەن، بەڵام ئەمە نەبووە هۆی دامرکاندنەوەی شۆڕش، بەڵکوو بووە هۆی بەهێزبوونی پێگەی کورد لە ناوچە شاخاوییەکانی سەر سنووری تورکیا و ئێران (تریپ، ٢٠١٠، ٦٥-٦٦). هەروەها تورکمانەکانی کوردستان و عێراق، خۆشحاڵبوون بە کودەتای بەعسییەکان و پشتگیری حەرەس قەومییەکانیان کرد، هۆکاری ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە سەردەستی شیوعییەکان لە

ڕووداوەکانی کەرکووکدا لە ١٤-٧-١٩٥٩دا ڕووبەڕووی کوشتن، بریندار و دەستگیرکردن بوونەتەوە (بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە البوتاني، ٢٠٢٠، ٢٦١-٢٩٨). هەر بۆیە ئەو کەسانەی کە بوونە ئەندامانی حەرەس قەومی لە شار و ناوچە جیاوازەکانی کوردستان کارمەندی تورکمان و عەرەب بوون (الخفاجي، ٢٠١٥، ٤٦). شیوعییەکان و بەشێک لەو کەسانەی کە لە سەردەمی (عەبدولکەریم قاسم) پلە و لێپرسراویەتییان هەبوو لە کوردستان و تەواوی عێراق، دژی حەرەس قەومی وەستانەوە، جیاوازییەکان گەورەبوون و تا دەهات کەلێنی نێوانیان فراوانتر دەبوو، هەر ئەوەش بووە هۆی گرتن و ئەشکەنجەدانی ژمارەیەکی زۆری نەیارەکانی حەرەس قەومی.

### ٣-١-٣ پێکهاتەی حەرەس قەومی لە کوردستان:

حەرەس قەومی سەرکردایەتییەکی لە شارەکانی کوردستان پێکهێناوە بە ناوی (قيادة المنطقة الشمالية) کە شارەکانی (کەرکووک، موسڵ، هەولێر، دهۆک و سلێمانی) لەخۆدەگرت، ئەو کەسەی کە بڕیاربەدەستی نێو حەرەس قەومی بوو لە کەرکووک ناوی (تۆفیق حاجی ئەحمەد) بوو، هەروەها سەرپەرشتیاری حەرەس قەومی لە هەولێر نائیب زابت (تەها یاسین جەزراوی) بوو.  زۆرینەی ئەندامەکانی ئەو ملیشیایە، پێکهاتبوون لە کارمەندی عەرەب و تورکمان لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان (الخفاجی، ٢٠١٥، ٤٥-٤٦). هەروەها گامێشچییەکانی عەرەبی هەولێر چوونە پاڵ حەرەس قەومییەکان، ئەوان چەند خانەوادەیەکی کۆچەری بوون و گامێشیان بەخێودەکرد، لە زستاندا لە دەوروبەری منارەی چۆڵی دەمانەوە و لە هاوینانیش دەچوونە ئاسکی کەڵەک. بەرهەمەکانیان (شیر و بەرهەمەکانی، گۆشت، پێست) بوون، بەرهەمەکانیشیان لە هەولێر دەفرۆشت. هەروەها بەشێک لە تورکمانەکانی هەولێر کە خۆیان بە (تورانی) ناوزەددەکرد، بە پەرۆشییەوە چوونە پاڵ حەرەس قەومی، بە

تایبەتی بنەماڵەی کەردز کە (هەمزە کەردز) و برازاکەی (ویداد ئەرسەلان) بوون، ئەمان بەوپەڕی دڕندەییەوە زیندانییانی کوردیان ئەشکەنجە دەدا و سیخوڕییان بەسەر خەڵکەوە دەکرد، هەندێک لە کوردەکانیش چوونە پاڵ حەرەس قەومی و کاریان لەگەڵدا دەکردن وەکوو (جەمیل کرمانج کە کوردێکی کۆنە شیوعیی گەڕەکی تەیراوە بوو). (چاوپێکەوتن لەگەڵ ئیبراهیم قەساب، ١٨-١-٢٠٢١). پێویستە ئەوەش بگوترێت هەریەکە لە (بەدرەدین عەلی) پارێزگاری هەولێر و (زەعیم سەدیق مستەفا) ئامیرلیوای ٢٠ی سوپای عێراق لە سلێمانی، هاوکار و سەرپەرشتیاری کارە دڕندەکانی حەرەس قەومی بوون لەو دوو شارەدا (عقراوی، ٢٠٠٧، ١٦١). ئەوەی جێی سەرنجە ئامارێکی وردمان لەبەردەست نییە دەربارەی ژمارەی حەرەس قەومییەکان لە کوردستان.

تەمەنی ئەندامانی حەرەس قەومی لە ڕێکەوتی ٢٢-٥-١٩٦٣ بە پێی قانوونی ژمارە ٢ مادەی ٤ دیاری کرا، کە مەرج بوو ئەو کەسەی دەبێتە خۆبەخش لە میلیشیاکەدا، تەمەنی لە نێوان پانزە بۆ پەنجا ساڵ بێت. ئەوەش مانای ئەوە دەگەیەنێت کە لە ڕووی کردارییەوە، چارەنووسی خەڵکی کەوتە دەست کۆمەڵێک گەنجی بێمۆڕاڵ و دەمڕووت و دەسەڵاتیان لە لایەن بەعسییە توندڕەوەکان پێدرا، زیاتر لەوەش قانوونەکە کارای ڕابردوو (أثر رجعي)ی هەیە لە سەر کردەوە و تاوانەکانی حەرەس قەومی لە ڕێکەوتی ٨-٢-١٩٦٣ (الخفاجي، ٢٠١٥، ٦٣).

### ٣-٢ تەوەرەی یەکەم: ڕێگاکانی گرتنی زیندانییە کوردەکان لە سەردەمی هەرەس قەومی:

میلیشیای حەرەس قەومی، بە دوو شێوە کوردەکانیان گرتووە. یەکەمیان ئەو کوردانەی کە لەژێر دەسەڵاتی حکوومەتی مەرکەزی عێراقدا بوون، بە جۆرەها شێواز و تۆمەت گیراون. دووەمیان ئەو پێشمەرگانەی کە لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی حکوومەتی عێراق لە بەرەکانی جەنگ

وەکوو دیل کەوتونەتە دەست حکومەت. زۆرینەی ئەو کەسانەی کە دەستگیرکراون، لە دوای شکستهێنانی گفتوگۆکانی نێوان سەرکردایەتیی شۆڕشی کورد و حکومەتی عێراق، کە زادەی کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ بەعسییەکان بوو، کە دواجار حەرەس قەومییەکان هێرشێکی سەربازی فراوانیان کردە سەر کوردستان لە ١٠ی حوزەیرانی ١٩٦٣دا، دەستیانکرد بە ڕاوەدونانی ئەندام، دۆست، هاوسۆز و لایەنگرانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق. بە جۆرێک کە ئەشکەنجەدانی زیندانیانی کورد لە زیندانەکانی عێراق بە شێوەیەکی بەرنامەداڕێژراو و دڕندانە ئەنجامدراوە. لە هەموو ڕوویێکەوە پێشێلی مافەکانی مرۆڤیان کردووە.

حەرەس قەومییەکان لەکاتی گرتنی کوردەکان لە شاری هەولێر، بەوپەڕی دڕندانە و هۆڤانە مامەڵەیان کردووە، هەروەک زیندانییەک وەکوو (گورگی برسیی سەربەفر) وەسفیان دەکا، بەردەوام پەلاماری خەڵکیاندەدا و بە قۆنداخی تفەنگەکانیان لە خەڵکیان دەدا و چاوەکانیان دەبەستن و دەستەکانیان لە دواوە دەبەستن. دواتر لە پشتی سەیارەی (پیک ئەپ)یان درێژدەکردن بە پێلاقە لێیان دەدان و پێڵاوەوە بەسەر لەشیان دەکەوتن (چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕەوەند [تاهیر کریم علی]. لە ڕێکەوتی ١٨-١-٢٠٢١). خۆ ئەگەر زیندانییەک بەرگری بکردبایە، یاخود هەوڵی ڕاکردنی بدایە لە کاتی دەستگیرکردنیدا، ئەوا چەکدارەکانی میلیشیاکە بێ دوودڵی دەیان کوشت. ئەوەتا کادیری حیزبی شیوعیی لە هەولێر (ساڵح کاوانی) کاتێک لە پلیکانەکانی قەڵاتی هەولێر هاتۆتە خوارەوە، ڕووبەڕووی مەفرەزەیەکی حەرەس قەومی دەبێتەوە کە هەوڵی گرتنی دەدەن، ناوبراو بە دەمانجەکەی بەرگری دەکات. بەڵام (یاسین قەساب) کە تورکمانێکی حەرەس قەومی بوو لە دواوە بە چەکی بڕنۆ (ساڵح کاوانی) دەکوژێت، دوو ڕۆژ دواتر ڕێکخستنە نهێنییەکانی حیزبی شیوعی لە بەردەم دوکانەکەی (یاسین قەساب) دەکوژنەوە لە تۆڵەی

(ساڵح کاوانی)دا (چاوپێکەوتن لەگەڵ ئیبراهیم قەساب، ١٨-١-٢٠٢١).

## ا- دەستگیرکردنی کوردستانیان لەو ناوچانەی کە لە ژێر دەستی حکومەتی عێراق بوون:

جوگرافیای کوردستانی عێراق، بە درێژایی ساڵانی شۆڕشی ئەیلوول دابەشی دوو بەش بووبوو. بە جۆرێک ئەو ناوچانەی کە دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگەی لێ پیاد دەکرا، بە شێوەی هێڵێکی نیمچە کەوانەیی کە ناوچە شاخاوییەکانی سێکوچکەی سنووری نێوان سوریا، عێراق، و تورکیا لەخۆدەگرت، هێڵەکە لە قەزای زاخۆی سەر بە پارێزگای موسڵ (دهۆک-١٩٦٩ دەبێت بە پارێزگا) بە گوندنشینەکانی قەزاکانی ئاکرێ و ئامێدی تا دەگەیشتە دەڤەری سۆران و باڵەکایەتی لە سنووری باکووری پارێزگای هەولێر درێژدەبوویەوە، لەوێوە بەرەو ناوچەکانی پشدەر، بیتوێن، مەرگە، جافەتی، گوند و ئاوابیەکانی پێنجوێن و هەڵەبجە لە پارێزگای سلێمانی، لە سەر سنووری ئێران درێژەی دەکێشا. لەگەڵ چەند گوند و ئاوابیەک لە دەشتەکانی ئاکرێ، حەریر، هەولێر، کەرکووک و شارەزور. هەڵبەتە زۆرجار سنووری قەڵمڕەوی پێشمەرگە لەسەر ئەو ناوچانەی ئاماژەی پێدرا، بە شێوەیەکی پلاستیکی بەرتەسک و فراوان دەبووەوە، بەگوێرەی هەلومەرجی سەربازیی هەردوو لایەنی شەڕکەر. هەرچی شارە گەورەکانی وەک هەولێر، سلێمانی، کەرکووک، دهۆک و مەرکەزی زۆربەی قەزا و ناحیەکان لەژێر دەستی حکوومەت عێراقیدا بوون (Sanders, 17 June, 1974, 401-402).

**٣-٢-١ دەستگیرکردنی شاندی گفتوگۆ و قوتابی و چالاکوانانی کورد لە توركیا:**

جێگری سەرۆکی وەفدی کوردی (سەیدا ساڵح یووسفی) کە لە ١-١-١٩٦٣دا بە شێوەیەکی نەهێنی نێردرا بوو بۆ بەغدا. ناوبرا بەردەوامیدا بە گفتوگۆکردن لەگەڵ ئەفسەرە بەعسییەکان، بەڵام ئامانجی ڕژێمی سەربازیی نوێ لە گفتوگۆکانی لەگەڵ کورددا سوودوەرگرتن بوو لە کات، لەگەڵ کورددا نییەتیان پاک نەبوو. بۆ ئەو مەبەستە دەسەڵاتی سەربازیی خۆیان ڕێکخستەوە و چاوەڕوانی وەرزی گەرمایان دەکرد بۆ ئەوەی بە توندترین شێوە هێرش بکەنە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە کوردستانی باشووردا، ئەوە بوو بە هاوکاریی بەعسییەکانی سووریا مانگێک دواتر، لە ١٠-٣-١٩٦٣ەوە بە هەمان شێوە دەسەڵاتیان لەو وڵاتە گرتەدەست، لە هێرشی مانگی حوزەیرانی هەمان ساڵ بۆ سەر کوردستان بەعسییەکانی سووریا بە لیوایەک بە فەرماندەیی (سەرهەنگ فەهد) بەشداریان کرد لە هێرشکردنە سەر کوردستان لە پارێزگای دهۆک-ئامێدی کە ژمارەیەکی زۆریان لێ کوژران (عقراوی، ٢٠٠٧، ١٢٣). هەروەها لە ناوچەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراقدا بە توندترین شێوە کەوتنە ڕاوەدونان و گرتنی شیوعییەکان، کە زۆرینەی ئەندامەکانیان لە ناوەڕاست و خوارووی عێراق بوون. ژمارەیەکی زۆریان لێ گرتن و لەژێر ئەشکەنجە و ئازاردا گیانیان لەدەستدا (٤). لەوانەیە بەعسییە-حەرەس قەومییەکان نەیانویستبێت لە یەک کاتدا لە گەل دوو هێزدا بجەنگن، بۆیە دژایەتیکردنی پارتی لە کوردستانی عێراق دواخست. ئەوەبوو لە ٧-٦-١٩٦٣دا سێ ڕۆژ پێش ئەوەی بەیاننامەیەکی چاوەڕواننکراو لە لایەن کورد و عێراقەوە بڵاوبکرێتەوە. بەم شێوەیە هێرشەکەیان بۆ سەر پێشمەرگە دەستپێکرد. هاوکات بەعسییەکان هەڵمەتێکی بەرفراوانیان دەستپێکرد لە دژی لایەنگرانی پارتی بە تایبەتی ئەندامانی لق و ناوچەکان (سنجاری، ٢٠١٥، ١٥-١٦). لە نێو ئەو

گیراوانەدا، سەیدا ساڵح یووسفی و ئەو شاندەی لەگەڵیدا بوون کە پێکهاتبوون لە ((مسعود محمەد، حوسەین خانقاە، بابکر مەحموود، عەگید سەدیق)) (فندی، ١٩٩٥، ٥٧) لە ٦-٦-١٩٦٣ ڕاپێچی زیندان کران. لە کاتێکدا بەڵێنی ئەوەیان پێدا بوون کە بە هەلیکۆپتەر دەیانگوێزنەوە بۆ بارەگای بارزانی لە ناوچەی باڵەکایەتی (ڕاستگەلدی، ٢٠٠٤، ١٢٣). کەچی لە فرۆکەخانەی کەرکووکدا، لەگەڵ شاندەکە دادەبەزێندرێن و دەگیرێن (سنجاری، ٢٠١٥، ١٥)، تا ٣-١-١٩٦٤ لە زیندان مانەوە. هەرچەند گفتوگۆکانی جێگری سەرۆکی وەفدی کوردی، سەرکەتوو نەبووە لەگەڵ (ناجی تاڵیب) کە سەرۆکوەزیرانی ئەو کاتی عێراق و لە هەمان کاتدا سەرۆکی شاندی دانوستانکاری عێراقی بووە، بەڵام وەک نیازپاکییەک لە بەغداد ماوەتەوە. لەو ماوەیەدا بە توندترین شێوە سزادراون بە چاودێریی (عەمار ئەلواش[عەلوش]) لە لایەن (نازم گزار)(٥). شێوازی ئەشکەنجەدانەکان وەکچۆن (یووسفی) لە زاری خۆیەوە دەیگێڕێتەوە، بریتی بوون لە بەپانکەهەڵواسین و سوڕاندنەوەی تا کاتی بێهۆشبوون، تەقە لێ کردن و داخکردن (ڕاستگەلدی، ٢٠٠٤، ١٢٣).

دوای ئەوەی لە هاوینی ١٩٦٣دا بێهیوابوون لە داگیرکردنی تەواوی سنووری کوردستان و دەمرکاندنەوەی شۆڕشی ئەیلوول، ئەوە بوو حکوومەت هەستا بە ئەنجامدانی گەلەکۆمەکیی ناوچەیی، بۆ ئەم مەبەستەیش، لەگەڵ ئێران و تورکیا پەیمانی (سنتۆ)یان لە تەمووی ١٩٦٣دا مۆرکرد، ناوەڕۆکی پەیمانەکە بریتی بوو لە هەماهەنگیی نێوانیان بۆ مەبەستی کۆتاییهێنان بە شۆڕشی کوردی، هەروەها ڕێگەدان بە فڕینی فڕۆکەکانی ئێران و تورکیا لە ئاسمانی کوردستاندا و ئەنجامدانی پرۆسەی سەربازی لەژێر ناونیشانی (دیجلە، لە لایەکی دیکەوە سووریای بەعسیش بە لیوایەکی پڕ لە چەک و تفاق، بە تانک و چەکی گران بەشداریی کرد لە شەڕ دژ بە کورد (فندی، ١٩٩٥، ٦٣-٦٤). بە پێی بەڵگەنامەیەکی بەریتانی، لە حوزەیرانی ١٩٦٣دا، هاوکات بەعسییەکان

ڕەشبگیریی کوردیان کرد و هێرشێکی گەورەیان کردە سەر کوردستان. ڕاوەدونانی کورد تەنها لە سنووری عێراق خۆی نەبینیەوە، هەر لەو سەروبەندەدا کۆمەڵێک لە چالاکوان و قوتابیی کورد کە لە تورکیا بوون بە تایبەت لە ئەستەنبۆل دەستگیردەکرێن، دەستگیرکراوەکان کە ژمارەیان پانزە کەس بوون هەندێکیان خەڵکی باکوور بوون، ئەوانی دیکە خەڵکی باشوور بوون، لەوانەی دەستگیرکراون (زیا شەریف ئۆگلۆ، سەید ئیلچی، موسا عەنتەر، مەدحەت سەحەد، یەشار کایا، دۆغان کیلیچ، ئەدیب قارەمان، ئەنوەر ئایتەکین، عەلی ئەنگور، ئیبراهیم مام خدر، غازی دزەیی، عبدالستار هەمەدانی) بوون. ئەو تۆمەتانەی درابووەپاڵیان جیاجیا بوون، وەک چاپ و بڵاوکردنەوەی، مەسەلەکانی پەیوەست بە زمان، فەرهەنگ، ئەدەبی کوردی، هەروەها دەرکردنی بەیاننامەی کۆمۆنیست و دڵسۆزی و هەبوونی پەیوەندیی بە لەگەڵ بارزانیدا. (شۆڕشی کورد لە باشوری کوردستان و پەیوەندیی لەگەڵ کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا (Jamieson, July 8, 1963, 363-366).

## ٣-٢-٢ گرتنی ئافرەت و منداڵ:

حەرەس قەومی کۆمەڵێک ئافرەتی دەستگیرکرد کە لە توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە بوون، وەک دکتۆر، مامۆستا، کارمەند، قوتابیی زانکۆ و ئافرەتی ماڵەوە. هەندێکیان بە منداڵەوە خرابوونە زیندانەوە. زۆربەی ئەو ئافرەتانەی کە گیرابوون هاوسەر، خوشک و کەسوکاری لێپرسراوانی هەردوو حیزبی شیوعی و پارتی بوون (الناشي و الرومي، ٢٠٠٨، ١٧٦). یەکێک لەو ئافرەتانە خێزانی پێشمەرگە و سەرکردەی پارتی (عەلی سنجاری) بوو، کە بە ڕەگەز عەرەب بوو و لە شاری موسڵ دادەنیشتن، لەگەڵ منداڵەکانی کە سێ کچ و کوڕێک بوون، تۆمەتبار کرابوو بەوەی هاوسەرگیریی کردووە لەگەڵ کوردێک کە پلەیەکی بەرزی حیزبی و سەربازیی هەیە لەنێو شۆڕشی ئەیلوول، لەوێ داوای لێ دەکەن

که شوێنی هاوسەرەکەی ئاشکرا بکات و یارمەتییان بدات بۆ ئەوەی پیاوەکەی بگەڕێنێتەوە دەستیان (ڕاستگەلدی، ٢٠٠٤، ٦٠). هەروەها حەرەس قەومی لە ساڵی ١٩٦٣دا لە بەغدا، هاوسەر (مادلین منیر) و هەرسێ منداڵە بچووکەکانی (بەهائەدین نووری ١٩٢٧-٢٠٢٠) بە ناوەکانی (سرلام، پەری، حەیات) دەگرێت و دەیانخاتە زیندانەوە (چاوپێکەوتن لەگەل جەمشید حەیدەری، ١٤-١-٢٠٢١). ئەوکاتە (بەهائەدین نووری) لە مۆسکۆ قوتابی بوو (نوری، ٢٠٠١، ٣٦٥).

### ٣-٢-٣ هەڵکوتانە سەر ماڵان بەهۆی سیخوری و زمانلێدان:

زۆرجار زمانلێدان و سیخوڕیکردن لەلایەن هەندێک کەسی نەفس نزم، بە مەبەستی دەسخستنی هەندێک دەسکەوتی ماددی و ئافەرینی دەسەڵات، هەواڵی شوێن و کاری ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان و حیزبی شیوعی عێراقیان داوە بە میلیشیای حەرەس قەومی، بۆ ئەوەی دەستگیریان بکەن. ئەوەتا (هاشم ئاکرەیی) باسی چۆنیەتیی دەستگیرکردنی خۆی و چەند هاوڕێیەکی دیکە لە ڕێکخستنەکانی پارتی دەکات لە گەڕەکی بەتاوین لە بەغداد، لە نیوەشەوێکی حوزەیرانی ١٩٦٣دا لە سەروبەندی یەکەم هێرشە دڕندانە و گەورەکە بەعسییەکان بۆ سەر کوردستان (ئاکرەیی، ٢٠١٨، ٥١-٥٢). هەندێک لە شیوعییەکانی هەولێر بە تایبەتی بەشێک لە تورکمانەکان کە مەیلی تورانییەتییان هەبووە، بە هاتنی حەرەس قەومی خیانەتیان لە هاوڕێکانیان کردووە ناویانی ئاشکرا کردووە، ئەوەتا (حسامەدین مەلا داود) لە تەنیشتی چەکدارانی حەرەس قەومی دانشتووە و یەک بە یەک دەستنیشانی ئەندامانی شیوعی کردووە، یەکێک لەوانە ئەو چاوپێکەوتنەدا بەشدارە و ئەوسا تەمەنی ١٧ ساڵ بووە، لە ٢٣ی شوبات ١٩٦٣ـەوە تا کۆتایی ئەو ساڵە، لە زیندانی هەولێر ماوەتەوە. (چاوپێکەوتن لەگەڵ ئیبراهیم قەساب، ١٨-١-٢٠٢١) هەروەها لە کۆڵانی ئەوقافی سلێمانی بەهۆی لێگیرانی هەندێک بڵاوکراوە (بەیان)ی

حیزبی شیوعیی عێراقی لە گیرفانی (جەوهەر سەدیق شاوێس) لە ساڵی ١٩٦٣دا دەگیرێت. لە زینداندا زۆر نامرۆڤانە و بە چەندین شێوە ئەشکەنجە دەدرێ، تەنانەت بەشێک لە جەستەشی دەسوتێنن (سەعید، ٢٠١٦، ١٢٣-١٢٤).

### ٣-٢-٤ بەهۆی دانپێدانان (اعتراف) لە کاتی ئەشکەنجەدان:

زۆرجار زیندانیان ناچارکراون، لە ژێر ئەشکەنجە و ئازاری زۆر (وەک ئەوەی لە تەوەرەی دووەمدا ئاماژە بە جۆرەکانی ئازار و شێوازی ئەشکەنجەدانەکان کرا) زیندانییان ناچارکراون، بە دداننان لە سەر هاورێ و ئەندامانی حیزب کە بە شێوەیەکی نەهێنی لە ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی شۆڕش، بە یەکەوە کاریان کردووە. هەرچەند زۆرجاریش هەبووە لە کاتی ئەشکەنجەدانی زیندانیکراو، سزادراو گیانی لەدەستداوە، بەڵام هەر ئامادە نەبووە زانیاری لەسەر هاوکارانی لە حیزب بە تایبەتی پارتی یاخود شیوعی بدات. ئەوەتا بێژەری تەلەفزیۆنی عێراقی (هەننا عەبدولقادر) کە خوشکی (عەدنان عەبدولقادر)ی کەسایەتیی دیاری نێو حزبی شیوعییە لە بەغداد، لە ژێر ئەشکەنجە و هەڕەشەی تەحەدای شەرەف ددان دەنێت و (اعتراف) دەکات لەسەر براکەی (عەدنان عەبدولقادر)، ناچاردەکرێ شوێنی نیشتەجێبوونی ئاشکرا بکات. کاتێک حەرەس قەومی سەرکەوتوو دەبن لە گرتنی ناوبراو، ئەویش شوێنی (سەلیم مبارک) ئەندامی سکرتاریەتیی حیزبی شیوعی لە ژێر ئەشکەنجەدا ئاشکرا دەکات بە ناوهێنانی شوفێرەکەی (عبلی). شوفێر (عبلی) ئەو شوێنەی کە (سەلیم مبارک)ی لێ دابەزاندووە، ئاشکرا دەکات لە ئەنجامی پشکنین (التحري). سەرەنجام شوێنی سکرتاریەتی حیزبی شیوعی لە بەغدا ئاشکرا دەبێت کە (جەمال حەیدەر)یش لە تەمووزی ١٩٦٣دا دەگیرێت و دواتر لە ژێر ئەشکەنجەدا دەکوژرێت (چاوپێکەوتن لەگەڵ ممتاز حەیدەری، لە ڕێکەوتی ١٤-١-٢٠٢١).

## ٣-٢-٥ ڕەشبگیریی بەعسییەکان:

دوای شکستهێنانی گفتوگۆی نێوان کورد و بەعس لە ٩-٦-١٩٦٦ەوە بە دواوە، ڕەشبگیرییەکە لە تەواوی باشووری کوردستان و ناوچەکانی دیکە عێراق، گشتگیر و بێ جیاوازی بوو، بە جۆرێک کە گیراوەکان لە هەموو توێژ و پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگە بوون لەوانە مامۆستا، دکتۆر، پارێزەر و کارمەندی حکومەت. مەبەستی سەرەکیی بەعس لەم ڕەشبگیرییە، تەمبێکردنی هەموو نەیارانی بەعس بوو کە لە نێویان بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد خۆی دەبینیەوە، لە لایەکی دیکەوە بڵاوکردنەوەی ترس، تۆقاندن، دەرخستنی هێز و چاوسورکردنەوەیان بوو لە تەواوی وڵات.

لە شەوی ٩ لەسەر ١٠ی حوزەیرانی ١٩٦٣، لە شاری سلێمانی بە شێوەیەکی ڕەشبگیری پێنج هەزار کەس دەستگیرکران. (بارزانی، ٢٠٢٠، بەرگی ٣، بەشی ١، ١٢١). لەم ڕەشبگیرییەکەدا دەستیان لە هیچ کەسێک نەپاراستووە، هەرکەسێک تاوانبارکرابێت بە هاوکاریکردنی پێشمەرگە یاخود کەسوکاری پێشمەرگەکە بووە، یانیش ئەندامی پارتی بووبێت، جا چ مامۆستا، کارمەندی حکومی، دکتۆر و هەر توێژی دیکەی کۆمەڵەگە بووبێ، گیراوە و بە توندترین شێوە ئەشکەنجە دراوە (٥). هاوکات لەگەڵ ئەو ڕەشبگیرییە و ئەو قەدەغەی هاتووچۆیەی کە لە حوزەیرانی ١٩٦٣دا لە سلێمانی ڕاگەیەندرا. خەڵکێکی زۆر چەندین هەوڵی سوتاندنی بەڵگەنامە، کتێب، دەستنوسی دەگمەن سەبارەت بە مێژووی ئەدەب و زمانی کوردی، ڕۆژنامەی کوردی، وێنەی کەسایەتییە ناودارەکانی کوردستانیان دەدا یانیش دەیان شاردنەوە، لە ترسی ئەوەی دەست حەرەس قەومی بکەوێت و ببێتە بەڵگە بۆ ئەوەی بەهۆیەوە بگیرێن و ڕاپێچی زیندان بکرێن، دواتر بەهۆیەوە سزا بدرێن. هەروەها دوای ئەوەی حەرەس قەومی هەڵیانکوتایە سەر ماڵان و پشکنینان دەستپێکرد چەندان وێنە و بەڵگەنامەی گرنگیان لە

شارەکەدا سوتاند (احمد، ٢٠٠٢، ٥٩). نموونەی ئەو کەسانە (شێخ ڕەئوف سەید نووری نەقیب گڵەزەردەیی بەرزنجی ١٩٠٨-١٩٩٤) کە لە ڕێکەوتی ٢٠-٦-١٩٦٣ لە لایەن هێزی زەعیم سەدیقەوە دەگیرێت، چەند وێنەیەکی دەگمەنی (شێخ مەحموود)یان لەماڵەکەیدا سوتاندووە (سەعید، ٢٠١٦، ٣٦٥). هەرچی دەربارەی کەرکووکە، لە حوزەیرانی ١٩٦٣دا، حەرەس قەومی هەزاران کوردی ئەو شارەیان گرت و ڕاپێچی زیندانی (المسیب) کرد. زیاتر لەوەش دەیان گوندی دەوروبەری شارەکەیان کاول کرد و خەڵکەکەیان ناچار بە دەربەدەری کرد، لە شوێنی خەڵکی ڕەسەنی گوندەکاندا، عەرەبی هاوردەیان نیشتەجێکرد. زیاتر لەوەش، دەیان کارمەندی شارستانی لە سێکتەرە جیاوازەکانی پەروەردە، پۆلیس، کۆمپانیای نەوتی باکوور گواستەوە یان دوورخستەوە، شوێنەکانیشیان بە کەسانی عەرەب پڕکردەوە (شوانی، ٢٠٠٥، ٨٩-٩٠). ئەم هەوڵە بە دەسپێکی تەعریبکردنی کەرکووک دادەنرێت. لە شاری هەولێریش، دوای شکستهێنانی گفتوگۆی نێوان سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوول و بەعسییەکان، میلیشیای حەرەس قەومی لە ڕەشبگیرییەکەیان دەستیان لە کەس نەپاراستووە، کۆمەڵە مامۆستایەکیان دەستگیر کرد لە هەردوو ڕەگەزەکەوە، بە ناوەکانی (فایەق جەمیل، عەبدولغەنی جەبار، سەبریە نادر، ساکینە سلێمان، شێخ ڕەئوف بەرزنجی، شێخ عەزیز بەرزنجی، عەلی جوکل بەرییە). هەروەها دەستگیکردنی مامۆستا (نەجمدین موفتی)، لەسەر قەڵاتی هەولێر، ناوبراو بۆ ماوەی سێ مانگ دەستگیری دەکەن، دواتر دەیگوازنەوە بۆ بەندیخانەکانی بەغدا و حیللە. بە تۆمەتی ئەوەی کە براکەی ناوبراو بە ناوی (شەمسەدین موفتی) پەیوەندیی بە ڕیزەکانی پێشمەرگەی کوردستانەوە کردووە و بەشدار بووە لە شەڕەکانی دژی حکومەت. هەروەها کۆمەڵە مامۆستایەکی دیکەی ئافرەت دەستگیردەکرێن بە تۆمەتی جیاجیا لەوانە (حەمدیە سابر، ئەستێرە سەعید، جەلالەت نورەدین، بەسێ صابر) (صدیق، ٢٠١٩، ٨٦-٨٧). لە ٩-٦-١٩٦٣ میلیشیای حەرەس قەومی هاوشێوەی شارەکانی دیکەی کوردستان، دەیان

هاوڵاتییان لە شاری دهۆک دەستگیرکرد، بۆیە بە ناچاری سەدان کەس ڕوویانکردە گوند و ناوچە ئازادکراوەکان و پەیوەندیان کرد بە پێشمەرگەوە. (فندی، ١٩٩٥، ٥٧).

شایەنی باسە بە هۆی ئەوەی کە زیندانەکانی هەولێر پڕبووبوون لە زیندانی و چیتر جێگا بۆ زیندانی دیکە نەمابوو، دەسەڵات هەندێک لە قوتابخانەکانی وەک زیندان بەکارهێنا، تەنانەت یەکێک لە قوتابخانە سەرەتاییەکانی هەولێر کە لە دوو نهۆم پێکهاتبوو بووبوو بە زیندان، کە قاتی سەرەوەی تەرخان کرابوو بۆ ئافرەتان و خوارەوەشی بۆ پیاوان، بە تایبەتی ئافرەتە بارزانییەکان کە بەشێکیان ڕووسی بوون و نیشتەجێی گەرەکی ئیسکان بوون، پیاوەکانیان پێشمەرگە بوون لە بەرەکانی شەڕی دژ بە حکومەتی عێراق. ئەم ئافرەتانە بۆ ماوەی شەش مانگ زیندانیکران، واتە لە حوزەیرانی ١٩٦٣دا تا کۆتایی هەمان ساڵ. (حەوێزی، ٢٠١١، ٢٤). ڕەشبگیرییەکەی حەرەس قەومی لە هەولێر، تەنها بە گەورە و ژنان نەوەستاوە، بەڵکوو توێژی قوتابییانیشی گرتۆتەوە، ئەوەتا بە هۆی ئەوەی قوتابییانی قوتابخانەی (هەولێری کچان) سروودی ئەی ڕەقیبیان بە دەنگی بەرز گوتۆتەوە لە لایەک، هەروەها کچی موتەسەریفی هەولێر (میسون بەدرەدین عەلی)، کە قوتابییەکی سیخور و تەمبەل بووە، داوای دەرچوون و نمرەی زیاتری لە مامۆستایان کردووە، بەڵام ئەوان نەچوونەتە ژێر باری ئەو داوایە. بەم هۆیەوە هێزێکی حەرەس قەومی بەسەر قوتابخانەکە دادەدات و زیاتر لە ٤٠ قوتابی دەستگیردەکات، قوتابییەکان کچی کەسانی ناسراوی هەولێر بوون، ئەم ڕووداوە دەنگدانەوەیەکی گەورەی لە شار دروستدەکات، چونکە زۆربەی خەڵکی هەولێر پابەندی دابونەریتی کوردەواری و خانەوادەی پارێزگار بوون (صدیق، ٢٠١٩، ٨٩). هەر لە شاری هەولێر خەڵکی سادە و کاسبیان بە تۆمەتی سەیر و سەمەرە دەستگیردەکران. ئەوەتا لە تەمووزی ١٩٦٣دا کرێکارێکیان بە جلی گێچکارییەوە لە گەڕەکی تەیراوە گرتووە، تۆمەتەکەیشی ئەوە بووە کە

وێنەی ئافرەتێکی لەلا بووە کە خێزانی خۆی بووە، بەم تۆمەتە بە توندترین شێوە ئەشکەنجەیان داوە، هەروەها تۆمەتباریان کردووە بە گەواد و داوایان لێ کردووە ددان بە تاوانەکەی بنێت، بەڵام ئەو هەر نکوڵی کردووە لەو کارە و ویستوویەتی بیسەلمێنێت کە ئەوە خێزانیەتی (چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕەوەند [تاهیر کریم علی]، لە ڕێکەوتی ١٨-١-٢٠٢١).

### ٣-٢-٦ گرتنی ئاژەڵی بارهەڵگر

یەکێک لە سەیر و سەمەرەکانی حەرەس قەومی بە تایبەتی لە شاری هەولێر و دەوەروبەری، دەرکردنی فرمانێک بوو (بەدرەدین عەلی) کە موتەسەریفی ئەو کاتی هەولێر بوو، فرمانەکە بریتی بوو لە (کەر گرتن)، ئەوە بوو ئاژەڵە بارەبەرەکان، لەنێو حەوشە گەورەکەی بەندیخانەی هەولێر کە بەرانبەر پارێزگای ئێستای هەولێرە، ڕاگیران و خرانە ژێر چاودێری، تۆمەتی دەستبەسەرکردنیشیان بریتی بووە لەوەی لە گواستنەوەی کەلوپەل و ئازووقە بۆ پێشمەرگە بەکارهێنراون. ئەوسا بەشێکی زۆری دانیشتوانی دەوروبەری هەولێر کەریان بەکاردەهێنا بۆ مەبەستی گواستنەوەی سەوزە و میوە، شیرەمەنی و دانەوێڵە، لە نێو شاریشدا بەکاردەهات بۆ گواستنەوەی باراش، نەوت و دار. بۆیە بازاڕی ناڵبەندی، کورتاندروو و کافرۆشی نەما. کابرایەک کەرەکەی لە ژوورێکی ماڵەکەیدا دەشارێتەوە، کاتێک کەرەکەی دەزڕێت، ئاشکرا دەبێت و خۆی و کەرەکەی دەگیرێن. دواتر کەرەکە بەڕەڵا دەکرێت و خۆیشی شوێنبزردەکرێت. کەسێک بە ناوی (عەزیز) بە خۆی و کەرەکەی ڕادەکاتە زوورگەکانی دەوروبەری هەولێر و خۆی دەشارێتەوە، دواتر بە (عەزە کەرفیرار) ناسناوی دەردەچێت. دوای حەفتەیەک لێبوردنی گشتی بۆ کەرەکان دەرکرا، بەڵام مەرج بوو خاوەن کەرەکان داواکارییەک پێشکەش بکەن و بەڵێن بدەن بۆ هاوکاری پێشمەرگە بەکاریاننەهێنن. (ئەمین، ٢٠٠٩، ٤١٩٢-٤١٩٤). چونکە کاتی گرتنی بارەبەرەکان وەک ماین و کەر هاوین

بوو، خەڵکی گەڕەکی عەرەبان و دەوروبەری قشڵی، پۆلیس شەوانە لەبەر زەرەزەڕی کەرەکان خەویان لێ نەدەکەوت (ئاوارە، ٢٠٢٠، ٢٦٠). شایەنی باسە لە هاوینی ١٩٦٣دا لەگەڵ هێرشکردنە سەر کوردستان حەرەس قەومی لە هەموو دەروازەکانی هەولێر خاڵی پشکنینیان دانا و دەستیانکرد بە گرتنی هەموو ئاژەڵە بارەبەرەکان. بە بیانوی ئەوەی لە گواستنەوەی ئازوقە و کەلوپەل لە هەولێرەوە بۆ ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەستی پێشمەرگە سوودیان لێ وەرگیراوە. بۆ نموونە لە خاڵێکی پشکنینی ڕێگای کۆیەدا دەیان ئاژەڵی بارەبەریان گرت لە مەیدانێکی نزیک خاڵەکە بارەبەرەکانیان بەستنەوە، ئەوە بوو بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک، بارگرانی و ناڕەحەتی بۆ خاوەنەکانیان دروستبوو، چونکە لە شار دەمانەوە و پەیداکردن و گواستنەوەی ئالیک و ئاو بۆ ئاژەڵەکانیان سەخت بووبوو. (چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕەوەند [تاهیر کەریم عەلی] لە ڕێکەوتی ١٨-١-٢٠٢١). هەر لەو سەرووبەندە و دەربارەی ئەم بابەتە، ڕۆژێکیان لە تەمووزی ١٩٦٣دا خاوەنی کەرێک دەگێرێت. کە لە دەشتی هەولێرەوە ویستوویەتی بێتە شار بە مەبەستی کڕینی ئازوقە و شمەک بۆ خۆی و هاوگوندییەکانی. حەرەس قەومی دەیگرن ڕاپێچی بارەگاکەیان دەکەن لە نزیک پارێزگای هەولێر، دواتر (ئەبوو تەلاڵ) لێپرسراوی حەرەس قەومی، خاوان کەرەکە دەداتە بەرشەق و پێلاقە، مەبلەغی ٣٠٠-٤٠٠ دینارێکی لێ دەستێنێت و نایداتەوە (چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕەوەند [تاهیر کەریم عەلی]، لە ڕێکەوتی ١٨-١-٢٠٢١). بە هەمان شێوە لە ڕەشبگیریی ٩ و ١٠ی حوزەیرانی ١٩٦٣ لە شاری سلێمانیدا، خەڵکێکی زۆری گوندەکان و دەوروبەری بێئاگابوون لەو ڕەشبگیرییە. بۆیە لە کاتی هاتنیان بۆ شارەکە، بە مەبەستی کڕینی پێداویستییەکانیان و سەردانیکردنی نەخۆشخانە، خۆیان و ئاژەڵەکانیان کەوتنە دەستی حەرەس قەومی بەشێکی کەمیان نەبێت هیچیان نەگەڕانەوە گوندەکانیان. بۆیە لەنێو لاپەڕەکانی مێژووی شۆڕشی ئەیلوولدا بە (شەهیدانی بێناو) ناویان دەهێنرێت. ئەوە بوو ساڵی دواتر لە گۆڕێکی بە کۆمەڵدا لە حامیەی

سلێمانی، لاشەکانیان دۆزرانەوە، بەبێ بوونی هیچ پێناسەیەکیان، دواتر لە بەشێکی گۆڕستانی سەیوانی سلێمانی شاردرانەوە، ئەو شوێنە ناونرا (گردی شەهیدان) (توفیق،٢٠١٠، ترجمة عن الكردية، نيركسجاري، ٢٨).

## ب- لە جەنگ و بەرەکانی شەڕ:

بەعسییەکان لە ٩-٦-١٩٦٣دا لە تەواوی کوردستاندا، هێرشێکی بەرفراوانیان کردە سەر بەرەکانی پێشمەرگە. لەم ڕێکەوتە بە دواوە، شەڕ و پێکدادان لە نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و حەرەس قەومیدا بەردەوام بوو، تا کۆتاییهاتنی ماوەی فەرمانڕەوایی یەکەمی بەعس بە هۆی کودەتای ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣. ئامارێکی وردی مێژوویی لە بەردەستدا نییە دەربارەی دیلەکانی هەردوو لایەنی شەڕکەر. هەر چۆنێکبێت، هەموو ئەو سەربازە پیادە و بێ پلانەی کە دەکەوتنە ژێر دەستی پێشمەرگە، ئازادیان دەکران و لای خۆیان نەدەهێشتنەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی نەیاندەویست ببنە بارگرانی بەسەریاندا، چونکە شۆڕش جێگا و خواردنی پێویستی نەبوو بۆ حەوانەوە و تێرکردنیان، بەڵام ئەفسەر و پلەدارەکانی سوپای عێراق کاتێک لە بەرەکانی شەڕدا دەگیران وەکو دیلی شەڕ دەگیران، بۆ مەبەستی گۆڕینەوەیان بە دیل و زیندانییانی کورد هێزی پێشمەرگە، سوودی لێ دەبینین. (Schmidt, 1964, 90) جگە لەوە پێشمەرگە لە کاتی شکانی سوپای عێڕاق لە بەرەکانی شەڕدا، ڕێگای بە سەربازەکان دەدا ڕابکەن و بە دوایان نەدەکەوتن، نەیاندەویست دیلگرتن وەک دەستکەوێکی شەڕ لەقەڵەمبدەن، ئەمەش لەبەرئەوەی جگە لەو هۆکارانەی ئاماژەیان پێ دراوە، لە دابونەریتی کوردەواریدا ڕێز لە کەسانی شکاو و دوڕاو لە جەنگدا گیراوە، هەروەها مامەڵەیەکی مرۆڤانەیان لەگەڵدا دەکرێت (بارزانی، ٢٠٢٠، ١٤٣).

**٤- تەوەرەی دووەم: جۆرەکانی ئەشکەنجەدان و چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ کوردە زیندانیکراوەکان.**

ئەشکەنجەدانی زیندانی، پێناسەی جیاجیای بۆ کراوە لە سەرچاوە مێژووییەکان. یەکێک لەو پێناسانە واتە ئازارگەیاندن بە زیندانیکراو یاخود تاوانبارکراو بە مەبەستی تۆڵەسەندنەوە، ددانانان بەو تۆمەتەی کە ئاراستەی کراوە، یاخود وەرگرتنی زانیاری (العلوي، ٢٠١٠، ٧). ئەشکەنجەدان و ئازارگەیاندن بە زیندانییانی کورد لە لایەن حەرەس قەومییەوە لە ١٩٦٣دا گەیشتە ئەوپەڕی دڕندەیی و بێبەزەیی، ڕەفتارەکانیان هەموو سنورەکانی مرۆڤایەتی بەزاندووە. جگە لە پیاوەکان، ژن و منداڵی هەرزەکاریش دەگیرێن و ڕاپێچی زیندانەکانی عێراق دەکرێن، هاشم ئاکرەیی ئاماژە بە بوونی ئافرەت دەکات لە زیندانەکانی حەرەس قەومیدا لە شاری بەغدا (ئاکرەیی، ٢٠١٨، ٥٢). تەمەنی زیندانییانی کورد، بە زۆری لاو و پێگەیشتوو بوون، بە جۆرێک تەمەنیان لەنێوان ١٦-٤٥ ساڵاندا بوون. هەندێک جاریش سەرووی ئەم تەمەنە گیراون یاخود لە بەرەکانی جەنگدا وەکوو دیل گیراون و دواتر ڕاپێچی نێو زیندان کراون (راستگەلدی، ٢٠٠٤، ١١٣-١٣١). ئەشکەنجەدانەکان هەردوو شێوازی جەستەیی و دەروونی لەخۆدەگرت، وەک چۆن (ئیبتسام ڕۆمی) ئاماژە بە جۆرەکانی ئەشکەنجەدان دەکات و دەڵێت ((چەندین شێوازی ئەشکەنجەدانیان بەکاردەهێنا و ترسناکترینیان: داماڵینی پێست، هەڵواسین بە پانکەی سەقفی خانوو، بەستنەوەی دەستەکان لە دواوە، وەستاندن لەسەر پێ، دەرهێنانی چاو، دەرهێنانی ددانەکان بە پلایس، دەرهێنانی نینۆک، تێڕاکردنی دەنبوس و دەرزی لە شوێنە جیاوازەکانی لەشی مرۆڤ، لێدان بە کێبل لە پێش چاوی چەند کەسێک، بریندارکردن و دروستکردنی لەکە لە ناوچە هەستیارەکانی سەر لەشی زیندانییان، ناچارکردنی قوربانی بە دانیشتن لەسەر بوتڵ، بڕینی ئەندامانی لەش بە کەتەر، ناچارکردنی زیندانی بە وەستان بۆ ماوەیەکی درێژ لەسەر یەک

قاچ، شکاندنی ئێسکی زیندانییان بە هۆی لێدانیان بە مەترەق، لێدان بە کێبل لە ناوچە هەستیارەکانی ئافرەت، ڕووت کردنەوەی ئافرەت، پێنەدانی نان و ئاو و چەندین شێوازی دیکە ئەشکەنجەدان، هەر بۆیە چەندین لە زیندانییان لەتاو ئەشکەنجەی قووڕس و ئازاری زۆرەوە گیانیان سپارد)) (الناشي و الرومي، ٢٠٠٨، ٧٧-٧٨). دەکرێت گرنگترین جۆرەکانی ئەشکەنجەدانی حەرەس قەومی لەم خاڵانەی خوارەوە پۆلێنبکەین:

**٤-١ شوێنی حەوانەوە و جۆری زیندان:**

زیندانەکانی عێراق لە ڕووی چەندێتی و چۆنیەتییەوە زۆر خراپ بوون. بە پێی ئەو گێڕاوانەی کە لەسەر زاری زیندانییەکان تۆمارکراون. وەک چۆن گەورە ئەفسەری کورد (عەبدولڕەحمان قازی) دەگێڕێتەوە کاتێک لە ساڵی ١٩٦٣دا لە لایەن بەعسییەکانەوە گیراوە، ناوبراو لەگەڵ ٨٣ کەسی دیکە لە ژوورێکی ٤ مەتری تاریکدا زیندانی کراوە، بە جۆرێک کە زیندانییەکان نەیانتوانیوە پاڵبکەونەوە، بۆیە بە نۆبەت ڕاکشاون و ئەوانی تر بە پێوە وەستاون (راستگەلدی، ٢٠٠٤، ١٢٧). لە ئەنجامدا نەیانتوانیوە وەکوو پێویستیش بخەون و ئیسراحەت بکەن. زیاتر لەوەش، کۆکردنەوەی ئەو هەموو زیندانییانە بەیەکەوە بووەتە هۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی گواستراوە زۆر بە ئاسانی.

لە لایەکی ترەوە بەشێک لە زیندانییەکان لە ژووری تاکەکەسی دانراون. ئامانج لە گۆشەگیرکردن و دانانی زیندانییەکان لە زیندانی تاکەکەسیدا ئەوە بووە، تووشی چەندین نەخۆشیی خەمۆکی و دەروونی ببن، بەمەش زیندانیکراوەکان هەست بە جۆرێک لە بێزاری، بێتاقەتی، تەنهایی، دابڕان و بێئارامییەکی لەڕادەبەدەر دەکەن.

## ٤-٢ هەڵواسین و سوڕاندنەوە بە پانکە:

ئەو جۆرە ئەشکەنجەدانە، بە یەکێک لە ئەشکەنجە باوەکانی حکومەتی عێراقی دادەنرێت کە بەرانبەر بە زیندانییانی کورد لەو ماوەی لێکۆلینەوەیە بەکارهێنراوە، زۆربەی زیندانییەکان لە گێڕاوەکانیان ئاماژەیان بە هەڵواسین دەکەن بە پانکە. ئەو ماوەیەی کە بە پانکەوە سوڕێندراونەتەوە بە زۆری بیست خوولەک بووە، بەڵام هەندێک جاریش زیاتر لەو ماوەیە سوڕێندراونەتەوە، ئەمەش بۆ ئەوەی هەست بە زۆرترین ئازار بکەن و لەهۆشخۆیان بچن، بەهۆی ئەم ئەشکەنجەیەوە هەندێک جار دەستی زیندانییەکان تووشی ئیفلیجی بوون. لە نموونەی ئەو زیندانییانەی لە ساڵی ١٩٦٣دا گیراوە (خالید دەروێش) بووە، کە دوای ئەوەی چەندین جار بە پانکەیان هەڵواسیووە، زیاتر لە ماوەی ئاماژە پێدراو، بەم هۆیەوە دەستەکانی ئیفلیج بوون و بۆ ماوەی چوار مانگ لەکارکەوتوون (راستگەلدی، ٢٠٠٤، ١٢٨). ئەو جۆرە ئەشکەنجەدانە باو بووە لە زیندانەکانی حەرەس قەومیدا. (جەمال حەیدەری ١٩٢٦-١٩٦٣) دوای ئەوەی لە تەمووزی ١٩٦٣دا دەگیرێت، بە توندترین شێوە سزای دەدەدن، سەرەتا دەستێکی دەبڕنەوە، پاشان بە دەستەکەی دیکەی بە پانکە هەڵیدەواسن و دەیسوڕێننەوە تاوەکوو گیان دەسپێرێت (الخفاجی، ٢٠١٥، ١٤٧). لە کاتی ئەشکەنجەدانی (جەمال حەیدەری)دا (عەلی ئەلساعدی) ئامادە بووە، بەوپەڕی دڕندەیی ئەشکەنجەیان داوە، پاشانیش لاشەکەیان هەڵداوەتە ناو حەوزێکی تیزاب، هەرچەند خانەوادەکەی ساڵی دواتر لە سەروبەند مفاوەزاتی (بارزانی و عەبدولسەلام عارف) بەدوای لاشە و گۆڕەکەی گەڕاون، بەڵام هیچ شوێنەوارێکیان دەستنەکەوتووە (چاوپێکەوتن لەگەڵ ممتاز حەیدەری، لە ڕێکەوتی ١٤-١-٢٠٢١)، هەروەها هاوسەری ناوبراویش کە ناوی (نێرگز سەفار) بوو، لە بەهاری ١٩٦٣دا لە بەغدا لە لایەن حەرس قەومییەوە دەگیرێت کە ئەو دەم دووگیان بووە. بە کندرێک بە دیواری ژوورێکی زیندانی ئافرەتان هەڵدەواسرێت، لە کاتی

ئەم ئەشکەنجەدانە لە ٨-٥-١٩٦٣دا (نادیە جەمال حەیدەری) بە هاوکاریی ئافرەتە هاوزیندانییەکانی، بە قاچێکی شێواو لەدایکدەبێت (چاوپێکەوتن لەگەڵ ممتاز حەیدەری، لە ڕێکەوتی ١٤-١-٢٠٢١).

### ٤-٣ ئازاردانی پەنجەکان و دەرهێنانی نینۆک:

بەعسییەکان هەموو شێوازێکی ئەشکەنجەدانیان لە دژی زیندانییە شیوعی و کوردەکان تاقیکردۆتەوە، یەکێک لەو ئەشکەنجەدانانە بریتی بووە لە ئەشکەنجەدانی پەنجەکانی دەست و پێ، ئەوەتا کاتێک پاسەوانەکانی حەرەس قەومی ئەشکەنجەی (تاڵب عەبدولجەبار) دەدەن، کە سکرتێری ناوچەی حیزبی شیووعی بوو لە موسڵ، پاسەوانەکان پەڕاو دەخەنە ناو پلەپێییەکانی و دەیسووتێنن، ئینجا بە بنمیچی ژوورەکە هەڵیدەواسن و دوای لێدانێکی زۆر، دەیگوازنەوە بۆ باغچەی بارەگاکەیان، لەوێش لۆکە بە نەوت دەکەن و دەیخەنە نێو پڵەپێ سووتاوەکانی و کونی گوێچکەکانی، بەم شێوەیە ئاگر لەم شوێنانەی جەستەی بەردەدەن، دواجار لەژێر ئەشکەنجە گیانی دەسپێرێت (الخفاجي، ٢٠١٥، ١٤٦). یەکێکی دی لە زیندانییانی کورد بە ناوی (سەبری ئەحمەد بۆتانی)، لە زینداندا بە سۆندە و قامچی، فەلاقە و ئەشکەنجەی دەدەن و ناچاری دەکەن ددانبنێن بەو تۆمەتەی دراوەتە پاڵی، هەرچەند ناوبراو ددان دانێت، بەڵام دواجار سێ فیشەکیان خستۆتە نێو پەنجەکانی دەستییەوە و سەربازێکی چوارشانە بە هەموو هێزییەوە پەنجەکانی دەگوشێت (ڕاستگەلدی، ٢٠٠٤، ١٢٠-١٢١). هەروەها چەندان زیندانی سیاسیی دیکەی کورد نینۆکەکانیان لێ دەرهێنراوە، یەکێک لەو نموونانە (ئیسماعیل عەبدوڵڵا)یە کە خەڵکی گوندی چنارەی سەر بە قەزای دەربەندیخانە، ناوبراو لە سەیدەکانی بەرزنجەییە. لە ڕێکەوتی ٢٠-٦-١٩٦٣ تا ١٩٦٥ـەوە لە لایەن هێزی زەعیم سەدیقەوە گیراوە، حەرەس قەومی بە توندترین شێوە ئەشکەنجەیانداوە، دوو نینۆکیان دەرهێناون (سەعید، ٢٠١٦، ٢٦٩). بێگومان لەو نموونانەی

ئاماژەیان پێدران بەعسییەکان تەنها بۆ مەبەستی ددانپێدانان بەم شێوەیە ئەشکەنجەیاننەداون، بەڵکوو بۆ چێژوەرگرتن بووە لە ئەشکەنجەدانی زیندانییان.

**٤-٤ داخکردن:**

داخکردن بە ئاگر، جۆرێکی دیکە بووە لە ئەشکەنجەدان، جگە لە ئاگر، لە داخکردنەکەدا ئوتی و جگەرەش بەکارهێنراوە. (راستگەلدی، ٢٠٠٤، ١٢٥-١٢٦) بۆ نموونە زۆرجار پاسەوانەکان جگەرەیان بە پێستی لەشی زیندانییان دەکوژاندەوە (راستگەلدی، ٢٠٠٤، ١٢٣). ئەم جۆرە ئەشکەنجەدانە جگە لەوەی کە ئازارێکی ڕاستەوخۆی زۆری جەستەیی بە زیندانییان گەیاندووە. گەلێ جار وەکوو برین و ماکێکەوە بەسەر جەستەیان دەمایەوە، وەکو برینداریێکی نێو زیندان، ئازاری بە دەست پاشماوەی ئەو کردە دڕندانەیەی بەعسییەکان دەچێشت، هەروەها شوێنەواری ئەو داخکردنە وەکوو ماکێک بە درێژایی ژیانیان، لەسەر بەشێک لە جەستەیان دەمایەوە. بێگومان مانەوەی ماکەکان کاریگەری دەروونیشیان بەجێهێشتووە، بە تایبەتی ئەو ماکانەی بەسەر ئەو شوێنانەی کە بەدەرەوە بوون و ڕاستەوخۆ دەبینران، وەکوو، ڕوو، دەموچاو و دەست و پێ. بێشک زیندانییەکان بەهۆی ئەو ماکانەوە هەمیشە ئەو یادەوەرییە تاڵانەیان بەبیردێتەوە، یانیش کاتێک خەڵکی ئەو ماکانەی دەبینی، ڕووبەڕووی پرسیاری جۆراجۆر دەبوونەوە، لێرەدا خەڵکانێک ویستوویانە لە زاری خۆیانەوە گوێبیستی چیرۆکی ئەو ئێش و ئازارە بن کە زیندانییەکە لە ماوەی زیندانیکردنیدا چێشتوویەتی. خاڵێکی تری ئەو لێکەوتەیە دەبووە هۆی ئەوەی کە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە هۆکار بووە بۆ ئەوەی گرفت لەبەردەمیان دروستببێت لە مەسەلەی هاوسەرگیریکردندا. (چاوپێکەوتن لەگەڵ [یووسف حەمەساڵ مستەفا] لە ڕێکەوتی ٢٨-٨-٢٠٢٠). شایەنی ئاماژە پێدانە، ئێستاشی لەگەڵ بێت

هەندێک لە زیندانییەکان شوێنەواری داخکردنیان بە جگەرە، بەسەر ئەندامێکی جەستەیان ماوە، بە تایبەتی دەموچاو، دەست و پێ و سینگ. (چاوپێکەوتن لەگەڵ کەمال شاکر، لە ڕێکەوتی ٢٠-١-٢٠٢١)، و (چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕەوەند [تاهیر کەریم عەلی]، لە ڕێکەوتی ١٨-١-٢٠٢١). یەکێک لەو زیندانییە کوردانەی کە بەوپەڕی دڕندەیی و هۆڤانە داخکراوە، کەسایەتیی نێو حیزبی شیوعی لە هەولێر (محەمەد محەمەد شێخەشەڵ)ـە. زیندانەکەی حەڕەس قەومی لە شەقامی سی مەتری لە نزیک ئامادەیی کوردستان بووە، لەلایەن سەرباز و پاسەوانەکانی زیندان، چەندین جار بە ئوتی داخدەکرێت بۆ ئەوەی ناچار بە ددانپێدان بکرێت، ئازار و پەڵەکانی ئەو ئەشکەنجەدانە بەسەر جەستەی ناوبراودا مایەوە تا کۆچی دواییی کرد. (چاوپێکەوتن لەگەڵ [ڕەوەند تاهیر کەریم عەلی] لە ڕێکەوتی ١٨-١-٢٠٢١). هەروەتر هەر لە ساڵی ١٩٦٣دا لە زیندانی ئینزیباتخانەی سلێمانیشدا ئەم جۆرە ئەشکەنجەدانە لەسەر زیندانیانی کورد پیادە کراوە، بۆ نموونە (جەوهەر سەدیق شاوێس) بەشی سەرەوەی سینگی بە جگەرە دەسوتێنرێت. دواجاریش چەندین برین و پەڵە لەسەر ئەو بەشەی جەستەی ناوبراودا جێدەمێنێت (سەعید، ٢٠١٦، ١٢٤).

### ٤-٥ بوتڵ تێبڕین:

یەکێک لەو ئەشکەنجانەی کە ئازاری زۆری لایەنی دەروونی و جەستەیی زیندانیانی دابێت بوتڵ تێبڕینە. هیچ زیندانییەک لە دوای ئازادکردنیشدا، ئامادە نەبووە ئەم جۆرە ئەشکەنجەدانە لای هیچ کەسێک باس بکات، مەگەر تەنها لە لای هاوزیندانییەکەی و لەنێو زینداندا، یاخود لای دکتۆرەکان باسی بکات ئەویش بە مەبەستی چارەسەروەرگرتن. باسنەکردن و نەدرکاندنی ئەم ئەشکەنجەدانە لای زیندانییەکان، مەبەست لێی پاراستنی کەسایەتیی خۆیان و ئابڕووی بنەماڵەکەیان بووەبە. واتە

حکومەتی عێراقی بە تایبەتی لە دوای هاتنی بەعسییەکان لە ساڵی ١٩٦٣دا، ئەم جۆرە لە سزادان و ئەشکەنجەدانانە، لە لایەن بەعسییەکانەوە بووەتە دیاردە و پەیڕەوی لێ کراوە. بۆ وێنە (عەبدولڕەحمان قازی) دەیگێڕێتەوە و دەڵێ بەعسییەکان لە ساڵی ١٩٦٣دا زیندانییەکیان لەگەڵدا بووە، بە ناوی (نووری) بوتڵێکیان تێبڕیوە، بە جۆرێک کە سەری بوتڵەکەیان چەور کرد، تا بە ئاسانی بچێتە ناوەوە و دواجار زۆرترین ئازار بکێشێت (راستگەلدی، ٢٠٠٤، ١٢٨).

## ٤-٦ با تێکردن (هەوا تێکردن) و بەلکرن (ئاوساندن):

ئەم جۆرە ئەشکەنجەدانە لەسەر زیندانییانی کورد لە زیندانەکانی حکومەتی عێراقەوە تاقیکراوەتەوە. بۆ بەرچاوڕوونی زیاتر، کاتێک کە لە ساڵی ١٩٦٢دا (شێخ ڕەزا شێخ محەمەد بەرزنجی)، ڕەوانەی زیندانی (فەدیل) کراوە لە بەغداد کە ٣٣٠ زیندانی دیکەی لێ بووە. بە چەندین شێوە زیندانییە کوردەکان ئەشکەنجەدراون. بۆ نموونە ئەو کەسەی کە سەرپەرشتیی ئەو بەشەی کردووە کە (شێخ ڕەزا)ی تێدا ئەشکەنجە دراوە، (کاپتن عەبدولڕەزاق) بووە. وەک چۆن دەیگێڕێتەوە و دەڵێت **((ئەم جۆرە ئەشکەنجەدانەیان بەکاردەهێنا، کە لە پشتەوە هەواکردن بوو بۆ ناو لەشەوە، هەڵواسین بە پانکە بە دەستی بەستراوەوە، قامچی لێدان و دواتر ئاوی ساردیان بەسەر زیندانییەکاندا دادەکرد و پاشانیش پانکەیان بۆ هەڵدەکردین. ئەمە جگە لەوەی دەستی زیندانییانیان زۆر بە توندی بە کەلەبچەوە دەبەستەوە))** (راستگەلدی، ٢٠٠٤، ١٣٠).

## ٤-٧ خراپیی جۆری خواردن و خواردنەوە:

ئەو خواردن و خواردنەوانەی کە بە زیندانییە کوردەکان دراون لە زیندانەکانی عێراقدا، لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی دیکەوە جیاواز بوون، ئەمە لە

هەموو زیندانەکامەوە بەم شێوەیە بووە. بە شێوەیەکی گشتی جۆری خواردن خواردنەوەکان خراپ بوون، زیندانییەکان پێی تێر نەدەبوون و تینووەتیان پێی نەشکاوە، زۆر جاریش وەکو سزا بەم ڕێگایەوە، زیندانییەکان ئەشکەنجەدراون. (عەلی سنجاری) کە لە زیندانی موسڵ زیندانی دەکرێت، لەم بارەیەوە دەڵێت: **((خراپترین جۆری خواردنیان پێ دەدایین، بەجۆرێک کە لە هەموو ژیانمدا نەمخواردوون))** (ڕاستگەلدی، ٢٠٠٤، ١١٦-١١٧).

ئەو خواردنانەی کە بە زیندانییەکان دراوە، سوێر بوونە، هەروەها ئاوی خواردنەوەشیان وەک پێویست نەبووە و هەمیشە بە تینوێتی ماونەتەوە، بۆ نموونە دوای ئەوەی بۆ ماوەیەک عەلی سنجاری (٣) لە ژێر سزدان و ئەشکەنجەی کارەبا لێدانەدا، بۆ ماوەی پێنج کاتژمێر لە هۆش خۆی دەچێت، بۆ ئێوارەکەی پاسەوانەکان قاپێک شۆربای سوێر و لەتەنانێکی پێ دەدەن، پاشان داوای ئاوی کردووە، بەڵام وەک سزادانێک پێیان نەداوە و دووبارە لە ئەنجامی تینووەتی لە هۆش خۆی دەچێتەوە، هەروەها پەنجا و دوو کەس لە ژوورێکدا بوون و لە یەک سەتڵدا ئاویان خواردۆتەوە. (ڕاستگەلدی، ٢٠٠٤، ١١٣-١١٦). وەک زیندانییەک باسی خواردنی هەفتەی یەکەم دەکات لە هاوینی ١٩٦٣دا لە زیندانی حەرەس قەومییەکان زیندانی کراوە، دەڵێت خواردنەکانیان سێ ژەم بووە، ژەمی بەیانی پێکهاتبوو لە نیو سەمون و نیو کوپە چا، بەڵام نیوەڕۆ و ئێوارەکەی تەنها شۆرباوێکی سڵقی سەوز. لە هەفتەی دووەمیشدا هەمان خواردن بوو، تەنها کەمێک برنجی وشک و نیو سەمونی بۆ زیادکراوە و ئێوارەکەی تەنها شۆربای سڵقیان پێدراوە (ئاکریی، ٢٠١٨، ٦١). لە ڕەشبگیرییەکەی شەوی ١٠/٩ی حوزەیرانی ١٩٦٣ی سلێمانی، چوار ڕۆژ نان و ئاو نەدراوە بە ٧٠٠ زیندانیی کورد، دواتر سەربازەکان چەند تەشتە خواردنێک بە زیندانییان دەدەن کە پێیان دەگوت (قزعە، واتە ئەو برنجەی کە شلەی فاسولیا یان پەتاتەی بەسەرداکراوە)، لەتاو ئەو

برسیبوونەی چوار ڕۆژ دەبینن، کاتێ خواردنەکەیان بۆ دێت، زیندانییەکان بەپەلەوە پڕ دەدەنە خواردنەکە و بەخێرایی دەیخۆن. ئەوانەی ئەم خواردنەیان خوارد، توشی سکچوون و ئازارێکی زۆر بوون، بەم هۆیەوە هەر لە ڕێی ئاودەست بوونە و هەندێک جار تووشی شەرمەزاری بوونە بە هۆی لەدەستدانی کۆنترۆل و نەبوونی ئاودەستی پێویست. (چاوشین، ٢٠٠٢، ٣٧). لە هەندێک حاڵەتدا، بە هۆی نەبوونی خواردنەوە لە بەندیخانەکاندا، زیندانییەکان خۆیان پارەیان کۆکردۆتەوە و خواردنیان لە خواردنگەکانی بازاڕەوە بۆ هاتووە، ئەوەتا کاتێک بە هۆی تێکچوونی بارودۆخی سیاسی و سەربازیی بەغدا لە سەروبەندی کودەتاکەی ١٨-١١-١٩٦٣، هەفتەیەک پێش ئەو ڕێکەوتە، زیندانییەکان دەگوازنەوە بۆ بنکەی پۆلیسی (الفضل)، بنکەکە لەم بەری ناوچەی ڕەسافەی شارەکە بووە، لەم بنەکەیەدا بە هۆی نەبوونی خواردنی پێویست، زیندانییەکان خۆیان پارە کۆدەکەنەوە، بۆ هەر زیندانییەک هەدندێ کەباب، ترێ و خورما و دوو نانیان بۆ دێت (ئاکرەیی، ٢٠١٨، ٨٧). دەربارەی زیندانی هەولێرەوە، ئەو خواردنەی هەولێر دەدرا بە زیندانییانی سیاسی، پێکهاتبوو لە شۆربای نیسک و سەمون، هەندێک جاریش برنج و پەتاتە یان فاسۆلیا. بەشێک لە خانەوادەی زیندانییانی هەولێر هەبوویی بوون و گەلێک جار خواردنی وەک (دۆڵمە، کفتە و برنج و گۆشت)یان بۆ زیندانییەکان هێناوە. (چاوپێکەوتن لەگەڵ ئیبراهیم قەساب، ١٨-١-٢٠٢١).

### ٤-٨ سووکایەتی پێکردن و ئیهانەکردن:

سووکایەتی و ئیهانەکردنەکان بە زیندانییانی کورد جۆراوجۆر بوون، لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە گۆڕانی بەسەدادەهات، هەروەها لە زیندانێکەوە بۆ زیندانێکی دیکە، مامەڵە و سووکایەتی کردن بە زیندانییانی کرد جیاواز بوو. سەرەڕای ئەوەی کە زۆرجار زانیاریی تەواو لە لە کەسی زیندانی وەردەگیرا و ددانی دەنا بە هەموو ئەو زانیارییەکان کە

لێی داوا کراوە، بەڵام پیاوانی ئەمنی و جەلادەکانی دەستەڵات هەر بۆ هەوەسی خۆیان لە زیندانییەکانیان دەدا. لێدانەکان بە چەندین شێوەی بوو، لە وانە مستەکۆڵە، قامچی و هتد. (راستگەلدی، ٢٠٠٤، ١٢٧). دەرحەق بە بابەتەوە، عەبدولڕەحمان قازی، کە گەورە ئەفسەری کورد نێو سوپای عێراق بوو، بە تۆمەتی دژایەتیکردنی ڕاپەڕینی (عەبدولوەهاب شەواف) لە موسڵ لە ساڵی ١٩٥٩دا تۆمەتبار دەکرێ، سەرەتا ناچاریان کردووە واز لە کارەکەی بهێنێت لە ١٥-١-١٩٦٢دا. کاتێکیش لە ١٩٦٣دا دەگیرێت لەگەڵ کۆمەڵێک لە ئەفسەر و پلەداری سەربازیی کورددا، بە جلی سەربازییەوە، لە لایەن کۆمەڵە ئەفسەرێکی ئاساییەوە بە نۆرە ئەشکەنجەدراون و سووکایەتییان پێ کراوە، لە کاتێکدا کە پێشتر ئەمان فەرمانیان لەو ئەفسەرە زیندانیکراوهان وەردەگرت کە کورد بوون. (راستگەلدی، ٢٠٠٤، ١٢٧). جۆرێکی دیکە سووکایەتی پێکردن، بریتی بووە لە گسک پێ لێدان و پاککردنەوەی زیندان، بە هەندێک لە کەسایەتی و بەرپرسی پارتی بە تایبەتی. ئەم سوکایەتی پێ کردنە لە کاتێکدا بووە کە پیاوانی ئەمنی و جەلادەکانی دەسەلات بێهیوا دەبوون لەوەی زیندانییەکانلە ددان بە تاوانەکەیان بنێن. بۆ نموونە (عەلی سنجاری) کە بەرپرسی ناچەی موسڵ و ئەندامی لقی پارتی، لە شەوی ٩-١٠-١٩٦١دا لە موسڵ دەگیرێت، پاش ئەشکەنجەدانێکی زۆر هیچ ددان بە هیچ شتێک نانێت. بۆیە دەنێردرێتە زیندانی ڕاگیراوان لە شارەکەدا، لەوێ بۆ ماوەی ٣٧ ڕۆژ کاری گسکلێدانی زیندان و گواستنەوەی زبڵ و پاشماوەی زیندانەکەی بۆ نێو ئۆتۆمبێلی گواستنەوەی خاشاک پێ سپێردراوە. (سنجاری، ٢٠١٥، ١٤). یەکێکی تر لە سووکایەتییەکان بریتی بووە لە لێدان و ئەشکەنجەدانی زیندانیکراو لە بەرچاوی زیندانییەکانی دیکە، ئەوەش لە لایەک وەک سووکایەتی پێکردن بووە بە ناوبراو بە لێدان و ئەشکەنجەدان بۆ ئەوەی ددان بە تاوانەکی بنێت، لەلایەکی تریشەوە وەک وانە و چاوسوورکرنەوەیەکیش نیشانی زیندانەکانی دیکە دراوە، کە ئەگەر بە خۆیان ددان بە یۆمەتەکانیان نەنێن، بەم شێوەیە ناچار بە ددانپێدانان

دەکرێن. (سالح، ٢٥-٨-٢٠٢٠). هەروەها لە کاتی لێپرسینەوە لەگەڵ گیراواندا، بۆ ددانپێدانان، پێوست بوو کەسی گیراو قسەی نەشیاو بە بارزانی یان خرۆشۆف بڵێت، بۆ ئەوەی بۆیان دەربکەوێت کە سەر بە پارتین یان شیوعی. (راستگەلدی، ٢٠٠٤، ١٢٤) ئەگەرچی زیندانیانی هەولێر دوای ماوەی ڕاگرتن و ئەشکەنجەدانیان لە زیندانە سەرەتاییەکانی حەرەس قەومیدا، دواجار کە ساغبوونەتەوە کە شیوعی یان پارتین، بە ڕەسمی خراونەتە زیندانیی هەولێر و ئەشکەنجەیان لەسەر هەڵگیراوە، بەڵام هەندێک جار لە کاتی ئالوگۆڕکردنی پاسەوانەکانی زینداندا. هەندێک لە پاسەوانە عەرەبە موسڵاوییەکان، تفیان دەگرتە زیندانییانی کورد. (چاوپێکەوتن لەگەڵ ئیبراهیم قەساب، لە ڕێکەوتی ١٨-١-٢٠٢١).

### ٤-٩ جۆری زیندان:

لەبەر زۆریی ژمارەی زیندانییەکان، حەرەس قەومییەکان ناچاربوون بینای قوتابجانە و تەنانەت نەخۆشخانەش وەکوو زیندان بەکاربهێنن، بۆیە ژمارەیەکی زۆری زیندانی بە یەکەوە بوون، بە تایبەتی لە ڕەشبگیرییەکەی حوزەیرانی ١٩٦٣دا (قادر، ٢٠١٢، ٤١٩). بۆیە لە کاتی ڕەشبگیرییەک و بوونی ژمارەیەکی زۆری زیندانیی بەیەکەوە. کۆمەڵێک ئاریشە ڕووبەڕووی زیندانییەکان بۆتەوە. بۆ نموونە لە شاری موسڵدا ١٢٥٠ زیندانیی کورد جگە لە ٤٠ کەسی دیکەی عەرەب، بە یەکەوە لە زیندانێکدا بوون، لە کاتێکدا زیندانەکە تەنها بۆ ١٥٠ کەس دروستکرابوو، لەم زیندانەدا تەنها سێ ئاودەست هەبووە بۆ چوونە سەرئاو زیندانییەکان نۆرەیان گرتووە و زۆرجاریش بەهۆی نۆرەی زۆرەوە، زیندانییەکان نەیانتوانی زیاتر خۆیان بگرن. (راستگەلدی، ٢٠٠٤، ١١٧). هەروەها لە ڕەشبگیرییەکەی شاری سلێمانی لە حوزەیرانی ١٩٦٣ـ بۆ ماوەی چەند مانگێک، زیاتر ٢٥٠٠ کەس دەخەنە نێو هۆڵێکی ئاژەڵان لە حامیەی سلێمانی، سەرەڕای ئەشکەنجەدانیان بەوپەڕی دڕندەییەوە، بە هۆی

پیسیی شوێنەکەیان دەیان زیندانی توشی نەخۆشیی کوشندە دەبن، هەندێکیان دوای دەرچوونیان لە زیندانەکەدا بەهۆی ئەو نەخۆشییەی کە لە زیندانەکەدا تووشی بوون، گیانیان سپاردز (توفیق،٢٠١٠، ترجمة عن الكردية، نيركسجاري، ٢٩). لەگەڵ ئەوەشدا، گەلێک جار زیندانیی تاکەکەس بەکارهێنراوە، بە مەبەستی ئازاردان و گۆشەگیرکردنی زیندانیکراوەکە بۆ ئەوەی ناچار بە ددانپێدانان بکرێت.

## ٤-١٠ قەدەغەکردنی خوێندنەوە و گۆشەگیرکردنی زیندانییان:

زیندانییەکانی سەردەمی حەرەس قەومی، لە بچووکترین مافی ژیاندا بێبەشکرابوون، وەک سەردانیکردنی کەس و کاریان بە مەبەستی دیتن و هێنانی خواردن و پێداویستی بۆیان، هەروەها قەدەغەکردنی خوێندنەوەی کتێب و ڕۆژنامە... هتد، بەڵام لە کۆتایی حوزەیرانی ١٩٦٣دا حەرەس قەومییەکان ڕێگایان بە کەسوکاری زیندانیان دا سەردانیان بکەن، هەرچەند سەردانیکردنەکە مەرجدار بوو، لە دەرگای زیندانەکانی بەغدادەوە سەردانیکەران دەپشکندران، لە ترسی ئەوەی شتە قەدەغەکراوەکان نەگەنە دەست زیندانییان. شتە قەدەغەکراوەکان، خۆی دەدیتەوە لە؛ ڕێگەنەدان بە هیچ نامە گۆڕینەوەیەک، هەروەتر زیندانییەکە مافی ئەوەی پێنەدەدرا کە هیچ کتێب، ڕۆژنامە و گۆڤارێکی پێ بگات و بخوێنێتەوە (الناشي و الرومي، ٢٠٠٨، ١٧٨).

## ٤-١١ گرتن و دەستدرێژیکردنە (الإغتصاب) سەر شەرەفی ئافرەت:

دەستدرێژیکردنە سەر ناموسی کچ و ئافرەتەکان، لە سەردەمی حەرەس قەومیدا لە تەواوی زیندانەکانیاندا شتێکی باو بووە. کتێبی (المنحرفون) کە لە ساڵی ١٩٦٤دا نووسراوە، باس لە ئەشکەنجەدان و دەستدرێژی سەر شەرەفی زیندانییانی ئافرەت دەکات، دەیان ددانپێدانانی کچ و ئافرەتی بەغدادی لەم کتێبەدا تۆمارکراوە. تەنانەت پشتڕاستی ئەوە

دەکاتەوە کە گەلێک کچ پەردەی کچێنییان لەدەستداوە و بە کۆمەڵ دەستدرێژییان کراوەتە سەریان. هەندێک لە دۆکیۆمێنتەکان کە تەنها پیتی یەکەمی ناوی ئافرەتە دەستدرێژلێکراوان تۆمارکراوە، لە بنکەی پۆلیس شکاتیان کردووە لە حەرەس قەومی، بە مەبەستی پاراستنی شەرەف و کەرامەتی خۆیان و خانەوادەکانیان، بۆ نموونە (ن. خ) کە قوتابییەکی کۆلێژی کشتوکاڵی زانکۆی بەغدا بووە، لە هەمان ئەو ئۆتۆمبێلەی کە ئەم کچەیان پێ گوازراوەتەوە، دوو خوشکی گیراوی دیکەی تێدا بووە بە ناوەکانی (ب. ع) و (ف.ع) (هيئة الدليل للجمهورية العراقية، ١٩٦٤، ١٠٣). هەرچی دەربارەی دەستدرێژیکردنە سەر ئافرەتانی کوردە، بە ئاشکرا ئاماژەی پێنەدراوە ئەوەش بە هۆی ئەوەی لە دابونەریتی کوردەواریدا ئاماژەدان بە بابەتێکی لەو جۆرە عەیبەیەکی گەورەیە. لەگەڵ ئەوەشدا سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە لە شاری سلێمانی و شارۆچکەی کۆیەدا میلیشیای حەرەس قەومی لە هاوینی ١٩٦٣دا دەستدرێژییان کردۆتە سەر کچ و ژنانی گەنج (ڕاستگەلدی، ٢٠٠٤، ٩٢، ٩٤). هەروەها لە کتێبی شەوکوتەکان (طوارق الظلام)دا دەیان نموونەی دەستدرێژیی حەرس قەومییەکانی تێدایە بۆ سەر ئافرەتانی زیندانی لە عەرەب و کورد. ئەوەتا یەکێک لەو ئافرەتە گەنجە کوردانە بە ناوی (هیوا)، کاتێک لە لایەن حەرەس قەومییەوە دەگیرێت، لە کاتێکدا کە جلی بووکێنی لەبەردا بووە و ئاهەنگێکی بچووکی گواستنەوەی بۆ سازدراوە، ویستوویەتی دوای ئاهەنگی گواستنەوەی لەگەڵ پیاوەکەی بێنە کوردستان، بەڵام بە گریان و لێدانەوە، خۆی و پیاوەکەی ڕاپێچی زیندان کراون لە شاری بەغدا (الناشي و الرومي، ٢٠٠٨، ١٧٥). یەکێکی تر لە ئافرەتە کوردەکانی بەغداد، بە ناوی دایکی ئەسمەر دەبێت، ئەم ئافرەتە لەگەڵ پێنج منداڵی زیندانی دەکرێت، بە هۆی ئەوەی هاوسەرەکەی سەرکردەیەکی پارتی دیموکراتی کوردستان دەبێت و لە نێو ڕیزەکانی پێشمەرگەدا بوو، ئافرەتەکە عەرەبی باش نەزانیوە و ئەسمەری کچی ١٢

ساڵان بووە و چوار منداڵەکانی تریش لەو بچووکتر بوون (الناشي و الرومي، ٢٠٠٨، ١٧٣).

**٤-١٢ کەش و هەوای نێو زیندان و نووستن لە ژووری ئاوتێکراو:**

بەگوێرەی گێڕانەوە مێژووییەکان، کەشوهەوای نێو زیندانەکانی میلیشیای حەرەس قەومی لە تەواوی عێراق ناتەندروست بوو و لە ڕووی کەشوهەواوە مەگەر بە دەگمەن لەو هاوینی گەرمی عێراق و باشوری کوردستان، ئامێرێکی ساردکەرەوەی تێدا بووبێت. بە پێچەوانەشەوە لە زستاندا ئامێر و سۆپای گەرمکەرەوەی تێدا نەبووە، مەگەر بە دەگمەن. بەڵکوو زۆر جار ئاستی پلەکانی گەرما لە وەرزە جیاوازەکانیساڵ بەکارهێنراون بۆ ئەشکەنجەدانی زیندانییان بە مەبەستی ددانپێدانان. وەکو ڕاگرتن و دانانی زیندانی لە ژووری ئاوتێکراو لە وەرزی زستاندا، یاخود خستنە ژوورەوەی ژمارەیەکی زۆری زیندانی، لە ژورێکی بچووکتر لەو ژمارە ڕاستەقینە و ستانداردەی کە پێویست بوو، بە تایبەتی لە وەرزی هاویندا، زیندانەکان هیچ ئامێرێکی فێنککەرەوە و هەواگۆڕکێی تێدا نەبوون، بۆیە پەنایان بردۆتە بەر بەکارهێنانی پارچە کارتۆن و وەک باوەشێنە بەکاریانهێناوە، لەکاتێکدا دەستکەوتنی پارچە کارتۆنەکەش وەها ئاسان نەبووە. (ئاکرەیی، ٢٠١٨، ٦١). لە حاڵەتێکی دەگمەندا لە زیندانێکی هەولێر لە هاوینی ١٩٦٣دا پانکەیەک لە ژورێکی ٣٠ مەتر چوار چوارگۆشەیی هەبووە کە نزیکەی ٦٠ زیندانی سیاسی تێدا بووە (چاوپێکەوتن لەگەڵ ئیبراهیم قەساب، لە ڕێکەوتی ١٨-١-٢٠٢١). هەندێک جاریش حەرەس قەومی، زیندانیکراوانیان بە وەرزی زستان لە ژووری ئاوتێکراودا بە ڕووتی دەهێشتنەوە بۆ ئەوەی زووتر ناچار بە ددانپێدانان بکرێن لەسەر ڕێکخستنە نەهێنییەکانی پارتی و شیوعی. (چاوپێکەوتن لەگەل [یوسف حمە صالح مصطف] لە ڕێکەوتی ٢٨-٨-٢٠٢٠). بۆ نموونە، ئینزیباتخانەی سلێمانیدا، جەلادەکانی (زەعیم سەدیق) چەند زیندانییەکی کوردیان لە

شەوانی ساردی پاییزی ١٩٦٣دا دوای ئەشکەنجەدانێکی زۆر بە درێژایی شەو فڕێداونەتە نێو حەوشەی ئینزیباتخانە (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە [سەعید، ٢٠١٦، ١٠٥-١٣٤]).

**٤-١٣ زیندەوەری زیان بەخش:**

بە هۆی ئەوەی زیندانییەکان زۆر بەیەکەوە بوون، وەک پێویست پێداویستییەکانی خاوێنکردنەوە (گەرماو، ئاوی گەرم و سارد، سابون و تایت) بۆ دابین نەدەکرا. بۆیە لە نێو زیندانییانی کورددا بەهۆی کەم سەرشوشتنەوە ئەسپێ بلاوبوونەتەوە، بڵاوبوونەوەی ئەسپێ لەنێو زیندانییەکاندا، بۆتە هۆی بێزاری و لە سەر و چاویاندا ناڕەحەتی کردوون، بە تایبەتی لە زیندانە کۆکراوەکانی ڕەشبگیری ٩ی حوزەیرانی ١٩٦٣دا. (چاوشین، ٢٠٠٢، ٣٧). هەندێک جاریش حەرەس قەومییەکان ئەشکەنجەی زیندانییەکان داوە بە جۆرە ئەسپێییەک کە پێی گووتراوە ئەسپێی سوور (القمل الاحمر)، شوێنێکی زیندانیکراویان بریندار کردووە و بە هێنانی ئەم جۆرە ئەسپێییە بۆ سەر نێو شوێنی برینە، ئەسپێکە لە لەشیاندا بڵاو دەکردەوە، دواتر تووشی ئازارێکی سەخت، خوران و سوربوونەوەی پێست هاتوون. (چاوپێکەوتن لەگەڵ [یووسف حەمەساڵح مستەفا] لە ڕێکەوتی ٢٨-٨-٢٠٢٠).

**٤-١٤ کارەبا لێدان:**

یەکێک لە ئەشکەنجەدانەکانی حەرەس قەومی بریتی بوو لە کارەبالێدان لە زیندانییانی کورد، ئەمەش هەر بە مەبەستی دەست خستنی زانیاری و ددانپێدانان. بۆ نموونە (عەلی سنجاری) ئەم جۆرە ئەشکەنجەدانەی لەسەر تاقیکراوەتەوە و دەڵێت **((تەلێکی کارەبایان لە قاچی چەپم بەست، پاشان تەلێکی تریان لە کارەباکە بەست و خستیانە سەر لەشم و هەموو ماسولکەکانمی ڕاتەکاند. دوای ئەوەی سێ چوار**

**جار ئەم کارەیان لە هەمبەرم دووبارە کردەوە، چەند جارێک لە هۆش خۆم چوومەوە))** (ڕاستگەلدی، ٢٠٠٤، ١١٤). زیندانییەکانی دیکە دەگێڕنەوە کە بە شێوازی دیکە لە کارەبا دراون. بە جۆرێک کە ئامێرێکیان خستۆتە نێو هەردوو پێییەکانیان. یانیش ئەلقەی ئاسنینیان بە برغی لە سەرووی گۆزینگەکانیان دەبەستەوە، دواتر تەزووی کارەبایان داوەتێ و بەهۆیە هەموو گیانی زیندانییەکەیان پێ ڕاچڵەکامدووە، تەنانەت دوای ئازادبوونیان کاریگەریی ئەم ئەشکەنجە گرانە، چ بە شێوازی لەکە یان پەڵە (Scar) یاخود لەرزینی لاشەیان لە کاتی بیستنی دەنگی گەورە، بەسەر جەستە و دەروونیادا جێماوە. (چاوپێکەوتن لەگەڵ کەمال شاکر، لە ڕێکەوتی ٢٠-١-٢٠٢١).

**٤-١٥ بەستنەوە لە کورسیی دڵۆپاندنی ئاو:**

جۆرێکی دیکەی ئەشکەنجەی حەرەس قەومی لەساڵی ١٩٦٣ دا. بریتی بووە لە بەستنەوەی زیندانییەکان لە کورسییەک بە شێوەیەک کە هەردوو دەستی زیندانیانیان لە ئەنیشکەکانی کورسییەکەوە بە برغی و زنجیر بەستۆتەوە، بە هەمان شێوە قاچەکانی لە پێچکەکانی پێشەوەی کورسییەکەوە بەستراوەتەوە. نێوچەوانی سەریشی بە تۆقێکی ئاسنین بۆ پشتی سەری بە زنجیرێک لە پشتی کورسییەکەدا بەستراوەتەوە. سۆندەیەکی ئاو بە بەلوعەیەک لە سەر تۆقی سەری چەسپێندراوە، ئاوی بەسەر دڵۆپێندراوە بە شێوەیەکی مامناوەندی (المعدل) دوو دەقە جارێک دڵۆپێک کەوتووە سەر سەری و ئەمەش بووەتە هۆی خەوزڕان. کاتێک کەسی زیندانی لە نیوە شەو و دەوروبەری کاتژمێر ١٢ی شەودا، خەو زۆری بۆ هێناوە و ویستویەتی بخەوێت، بەم جۆرە ئەشکەنجە دراوە تا کاتژمێر ٣ یان ٤ بەرەبەیان، شایەنی ئاماژەپێدانە، ئەو کەسەی لەم چاوپێکەوتنەدا بەشدارە، بەم شێوەیە ئەشکەنجە دراوە. (چاوپێکەوتن لەگەڵ کەمال شاکر، لە ڕێکەوتی ٢٠-١-٢٠٢١).

### ٤-١٦ چەماندنەوە و خستنە نێو تایەی سەیارە:

ئەم جۆرە ئەشکەنجەیە زۆر بە دەگمەن بەکارهاتووە و ئازارەکەی یەکجار زۆر و کاریگەر بووە. بۆ نموومە ڕەوەند (تاهیر کەریم عەلی) کە لە نیوەی یەکەمی مانگی تەمووزی ١٩٦٣دا لە زیندانی هەولێر گیراوە. لە لایەن ئەبوو تەلاڵ، کە لێپرسراوی حەرەس قەومی لە هەولێر بوو، ئەم پیاوە کارمەندی تەندروستیی هەولێر و سەرۆکی بەشی مەلاریاڕشاندن بوو، جەلادەکانی ئەبوو تەلان، ئەم زیندانییە هەردوو دەستی لە پشتەوە دەبەستنەوە و ئینجا دریچەمێننەوە و لە پشتەوە دەستەکانی و هەردوو سمتەکانی دەخەنە نێو تایەیەکی (پیک ئەپ). بە جۆرێک دەیچەمێننەوە کە سەر و قاچەکانی بەریەک دەکەون. بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێک بەم شێوەیە زیندانییەکە هێڵدراوەتەوە، ئەم ئەشکەنجەیە بووەتە هۆی هەناسە سواربوونی، ڕەقبوونی ماسولکەکان و شەکەتبوونی زیندانییەکان، ئەم جۆرە ئەشکەنجەدانە لەسەر هاوزیندانییەکانیشی تاقیکراوەتەوە (چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕەوەند [تاهیرکەریم عەلی]، لە ڕێکەوتی ١٨-١-٢٠٢١).

### ٥- تەوەرەی سێیەم: چارەنووسی زیندانیانی سیاسیی کورد.

لەو ماوەیەی کە تەرخانکراوە بۆ ئەم لێکۆلینەوەیە، زیندانییانی کورد چارەنووسیان لەبەردەم دوو ڕێگادا بوو، یەکەمیان کۆتاییهاتن بە ژیانیان زوو یان درەنگ، بە چەندین شێوازی جیاجیا. هەرچی دووەمە ئازادبوون بوو، ئەمیش بە چەند ڕێگایەکی جیاواز، لەوانە هەولەکانی شۆڕش و گۆڕینەوە بە دیل، واستە، هەڵاتن و لێبوردنی گشتی. کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێدەدرێت:

### ٥-١ کۆتایی هاتن بە ژیانیان

#### ٥-١-١ کوشتنی هەڕەمەکی و بێ مەحکەمە:

لەگەڵ هاتنیان بۆ دەسەڵات لە ٨-٢-١٩٦٣دا، بەعسییەکان زۆر جار گیراوەکانیان ڕاستەوخۆ و بە بێ دادگاییکردن لەوانی دیکە جیادەکرانەوە و دواتر دەکوژران، جا چ بە شێوەی کۆمەڵ یان بە تاک بووبێت. (راستگەلدی، ٢٠٠٤، ١٢٥). بۆ نموونە یەکێک لە زیندانییەکانی کورد لەگەڵ ٢٧ زیندانیکراوی دیکەدا لە زیندانی بنکەی پۆلیسی (الخیالة) لە بەغدا ڕۆژی لە ٩-٢-١٩٦٣ لە حەوشەی بنکەکە حەوت حەوت بە نۆرە گوللەباران کران، بەپێی بەیانی ژمارە (١٣). بەم شێوەیە ٣ وەجبە واتە ٢١ کەس کوژران، لە بەختی ئەو لەناکاو بەرید هاتووە کە بروسکەی ڕاگرتنی کارکردن بە بەیانی ژمارە (١٣) پێ ڕاگەیاندوون (چاوپێکەوتن لەگەڵ کەمال شاکر، لە ڕێکەوت ٢٠-١-٢٠٢١). ئامانجی بەعسییەکان لە ئەنجامدانی ئەو جینۆسایدە، بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندنی تەواوی هاوڵاتییانی کوردستان و نەیارەکانیان لە تەواوی عێراق بوو. هەروەتر دەرخستنی ڕووی ڕاستەقینەی خۆیان بوو کە دواتر چەندین کۆمەڵکوژی و زیندەبەچاڵکردنی هاوڵاتیانی کوردستانی بەدواداهات (بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی کۆمەلکوژییەکانی حەرەس قەومی بە تایبەتی لە سلێمانی بڕوانە [توفیق،٢٠١٠، ترجمة عن الكردية، نيركسجاري]).

#### ٥-١-٢ سزای لە سێدارەدان:

دوای ئەوەی حەرەس قەومی لە ٨ی شوباتی ١٩٦٣دا لە کودەتاکەیان سەرکەتووبوون، ژمارەیەکی زۆری شیوعییەکانیان ڕاستەوخۆ لە سێدارەدان. یەکێک لەو کوردە شیوعییانە (موهەیب حەیدەر حەیدەری ١٩٣٣-١٩٦٣). بوو کە لە هەمان ڕۆژی کودەتادا لەگەڵ کۆمەڵێک شیوعی دیکە لەسێدارەیدەدەن (الحزب الشيوعي العراقي، ٢٠٠١،

ج ١، ١٦٧). دوای ئەوەی حەرەس قەومی لە حوزەیرانی ١٩٦٣دا ژمارەیەکی زۆری خەڵکی کەرکووکیان بە شێوەیەکی ڕەشبگیرانە دەستگیر دەکەن، لە ٢٣-٦-١٩٦٣دا ٢٨ لەو گیراوانە لەسێدارەدەدەن، لە نێویاندا (شێخ مارف بەرزنجی) و هاوڕێکانی بوون کە بە تۆمەتی بەشداریکردنیان لە پشێوییەکەی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٩، هەرچەند ئەو کەسانە پێشتر ئازادکرابوون (شوانی، ٢٠٠٥، ٨٩-٩٠).

**٥-١-٣ مردن لەژێر ئەشکەنجە:**

ئەشکەنجەدانی زیندانییان لە لایەن حکوومەتی عێراقیەوە، نێویاندا زیندانییانی کورد، هەموو سنوورێکی مرۆڤایەتی تێپەڕاندبوو. لوتکەی ئەشکەنجەدانەکان لەگەڵ هاتنی بەعسییەکان لە ٨-٢-١٩٦٣دا دەستی پێ کرد، کە ئەگەر لوتکەکە بەرزتر نەبوبێتەوە لەو نۆ مانگ و دە ڕۆژەدا، کە بە فەترەی یەکەمی حوکمرانی بەعس ناسراوە، ئەوا بە شێوەیەکی لەولەبی ئەشکەنجەدانی زیندانییان لە لوتکەکەی خۆی سوڕاوەتەوە و هیچ بەرە و خوارەوە دانەبەزیوە.

بەڵگەنامە ڕەسەنەکان و سەرچاوە مێژووییەکان گەواهی ئەوە دەدەن کە زۆر جار زیندانیکراو لە ژێر ئەشکەنجەی توندی جەلادانی حەرەس قەومیدا گیانیان سپاردووە. ئەوەتا کاتێک (جەمال حەیدەر حەیدەری ١٩٢٦-١٩٦٣) لە ڕێکەوتی ١٩-٧-١٩٦٣ لە بەغداد بە تۆمەتی شیوعیبوون دەستگیردەکرێت، بۆ ڕۆژی دواتر ٢٠-٧-١٩٦٣ لەتاو ئەشکەنجەی حەرەس قەومییەوە گیانلەدەستدەدات. (عەلی، ٢٠١٦، ١٥) بەڵام لە سەرچاوەی تر ڕێکەوتی گیرانەکەی بە ٧-٧-١٩٦٣ دیاریکردووە. کە دوای ئەوەی لەگەڵ هاوڕێ شیوعییەکانی دیکەدا، بە ناوی (محەمەد ساڵ ئەلعلبی) ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعی و ڕۆژنامەنووس عەبدولجەبار وهبی تا تەمووزی ١٩٦٣ خۆیان لە بەغداد دەشاردەوە، بەڵام دواتر (ادی هاشم ئەلعەزیمی) لە ژێر ئەشکەنجەدانی زۆرەوە

شوێنەکایان ئاشکرا دەکات. (الخفاجی، ٢٠١٥، ١٤٨). لە هەمان ساڵدا کەسێک بە ناوی یەحیا نادر، کە هاوزیندانییەکی عەبدولڕەحمان قازی بووە، لە لایەن بەعسییەکانەوە بە توندی ئەشکەنجە دەدرێت و بەهۆیەوە دەمرێت (راستگەلدی، ٢٠٠٤، ١٢٧). زۆر جار زیندانیی هەبوو نەخۆش بێت یان بە تەمەن دەچووە و بەرگەی لێدان و ئەشکەنجەدانی نەگرتووە دواجار بەم هۆیەوە گیانیلەدەستداوە. زۆرجاریش دوای لێدانی زۆر، پێویستی بە چارەسەر و نەخۆشخانە بووە، بەڵام هیچ چارەسەرێکی بۆ وەرنەگیراوە و و بەم هۆیەوە گیانی سپاردووە. (ئاکرەیی، ٢٠١٨، ٦٨-٧١) و (راستگەلدی، ٢٠٠٤، ١٠٧) و (چاوپێکەوتن لەگەڵ گەیلانی سەید ئەحمەد، ٢٦-١٠-٢٠٢٠).

هەرچەند زۆرجار زیندانییەکانی کورد و عەرەب لە زیندانەکانی حەرەس قەومیدا لە ژێر ئەشکەنجە و ئازاری زۆرەوە، گیانیانلەدەستداوە، بەڵام دکتۆرەکانی تەشریعی بەعس، کە هۆکاری مردنی زیندانیانیان دیاریدەکرد خیانەتیان لە پیشەکەیان دەکرد، سەرەڕای سوێندخواردنیان، هۆکاری مردنیان دەگێڕاندەوە بۆ نەخۆشی یان شتێکی دیکە. بۆ نموونە کاتێک لە ٦-٣-١٩٦٣دا کۆمەڵێک شیوعی بە ناوەکانی (سلام عادل، محەمد حوسێن، ئەبوو ئەلعیس، حوسێن عەوینە) لە زیندانەکانی بەغدادا لە ژێر ئەشکەنجەی زۆرەوە دەمرن، دکتۆری بەعسییەکان (سادق حەمید عەلوش) لە ڕاپۆرتە تەشریعیەکەیدا، هۆکاری مردنیان بۆ دڵەکووتە (سکتة قلبیة) دەگێڕێتەوە (الخفاجی، ٢٠١٥، ١٤٢-١٤٣) بێگومان ئەمەش بە مەبەستی پەردەپۆشکردنی تاوانەکانی حەرەس قەومی بووە.

### ٥-١-٤ مردن لە کاتی گواستنەوە لە زیندانێکەوە بۆ زیندانێکی تر:

لە کاتی گواستنەوەی زیندانییەکانی کورد لەلایەن دەسەڵاتدارانی عێراقەوە، چیرۆکی تراژیدی ناخهەژێنی وەها هەن، مەگەر ئەوروپییەکان لە کاتی دەستگیرکردن و گواستنەوەی ئەفریقییە ڕەشپێستە (کۆیلە)کان بۆ

قارەکانی ئەمریکای باکوور و باشوور لە مێژووی نوێ بەرچاومان بکەوێت. ئەوەتا (عەبدولڕەحمان قازی) دەگێڕێتەوە کە دوای ئەنجامدانی کودەتایەکی شکستخواردوو لەلایەن بزوتنەوەی نەتەوەیی عەرەب لە ٢٦-٥-١٩٦٣ (٦) لە بەغدا لە ٣-٦-١٩٦٣. هەمان ئێوارە بەندکراوانی کورد بە کەلەبچەکراوی لە زیندانەوە گواستراونەتەوە بۆ وێستگەی شەمەندەفەری بەغدا، زیاتر دەڵێت **((کاتژمێری دووی شەو بوو، خستنیانە نێو فارغۆنێکی قەپاتکراوەوە. ناوەوەی فارغۆنەکە بە چیمەنتۆ سواخ درابوو، هەموو کون و قوژبنێکیان ئاخنی بوو کە هەوای لێ دەهاتە ژوورەوە. سەرۆکی سوپای عێراق کە هەمان کات سەرۆکوەزیرانیش بوو، لەگەڵ جەنەڕاڵ (تاهیر یەحیا) و (رەشید موسلحی) سەرۆکی سوپا. بەرپرسی هێڵی شەمەندەفەری عێراق، (زیاد ئەلقاوی)، فارغۆنەکان و ئێمەیان پشکنی، پێش ئەوەی بەرەو شاری سەماوە کە دەکەوێتە نێوان بەغدا و بەسرە، بکەوێتەڕێ هەموومان دەستمان بەسترابووەوە لەو ماوەیەی لە ڕێگادابووین، نە نان نە ئاویان پێ نەدەداین، نەیاندەهێشت پێویستییەکانمان جێبەجێ بکەین (بچین بۆ ئاودەست). بە دوای ئەوەی چەند سعاتەی کزەبای سەرلەبەیانی، گەرمای بەتینی خۆری عێراق، فارغۆنەکانی گەرم کرد یەکێک لە گیراوەکان مرد. ئێمەش بە نیوە مردوویی و بوراوەیی گەیشتینە سەماوە.))** (راستگەلدی، ٢٠٠٤، ١٢٨-١٢٩). هەروەها لە ١٠-٢-١٩٦٣دا کاتێ حەرەس قەومی زیندانییە شیوعییەکانی گواستەوە لە زیندانی ئاسایشی گشتی (أمن العامة)، بۆ سەربازگەی ڕەشید زیندانی ژمارە ١ لە پێچ (فلکە)ی کەڕادە، کە ژمارەیان ١٩ زیندانی بوو، مەفرەزەیەکی حەرەس قەومی خاڵی پشکنیان دانابوو، کاتێک دەزانن کە گیراوی شیوعین یەکێکیان دەستڕێژیی گوللە دەکات و پێنجیان لێ دەکوژن و ژمارەیەکی دیکەش بریندار دەبن. خاوەنی ئەم چاوپێکەوتنە بە سەلامەتی دەردەچێت و دەگوازرێتەوە بۆ زیندانی مەبەست (چاوپێکەوتن لەگەڵ کەمال شاکر، لە ڕێکەوتی ٢٠-١-٢٠٢١).

**٥-١-٥ زیندەبەچاڵکردن:**

لە ڕەشبگیریی شەوی ٩-١٠ی حوزەیرانی ١٩٦٣دا لە شاری سلێمانی ٨٦ کەس لە زیندانییەکان بەدەست خۆیان گۆڕ بۆ خۆیان هەڵدەکەنن و دواتر بە زیندوویی خۆڵیان بەسەردا دەکرێت و زیندەچاڵدەکرێن، تاوانی ئەوان تەنها کوردبوون بوو، داوایان لێ کرابوو جوێن بە بارزانی بدەن ئەوانیش ئەم داوایەیان ڕەتکردبووەوە (بارزانی، ٢٠٠٢، ج ٣، ٩٦). لە مێژووی هاوچەرخی مرۆڤایەتیدا، نموونەی تاوانی گۆڕ لێدانی زیندانییان بۆ خۆیان، تەنها لە لایەن نازییەکانی ئەڵمانیا ئەنجامدراوە لە زیندانی سۆنێنبورگ (Sonnenburg) لە ساڵانی سییەکان و نیوەی یەکەمی چلەکانی سەدەی ڕابردوو، کاتێک ئەڵمانە نازییەکان مەبەستیان زیندەبەچاڵکردنی هەر زیندانییەک بوایە لە کۆمۆنیست و جوولەکان، دوای لێدان و ئەشکەنجەدانێکی زۆر کە لە خوێنی خۆیاندا سوور هەڵدەگەڕان، داوایان لە کەسی گیراو دەکرد کە لە تەنیشت دیواری زیندانەکە و لە نێو حەوشەدا، گۆڕێک بۆ خۆی هەڵبکەنێت و دواتر بە زیندوویی خۆڵیان بەسەردا دەکرا (An escape prisoner, 1945, 13-14) . هەروەها (موهیب حەیدەری) لەگەڵ ٢٠ زیندانیی سیاسی دیکەی شیوعی کە لە شاری بەغدا دەگیرێن، دوای ئەشکەنجەدانیان زیندەبەچاڵیاندەکرێن و تا ئێستاش گۆڕیان نادیارە (چاوپێکەوتن لەگەڵ ممتاز حەیدەری، لە ڕێکەوتی ١٤-١-٢٠٢١).

**٥-١-٦ مردن لە کاتی لێکۆڵینەوەدا:**

یەکێک لە کەسایەتییەکانی شاری هەولێر بە ناوی (سەید ئەحمەد سەید حمەدەمین) کە لە پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا، دووکانی فرۆشتنی (برنج، شەکر، چا)ی هەبووە، خەڵکی قەزا و ناحیەکانی دەوروبەری هەولێر (چۆمان، ڕەواندوز، شەقڵاوە، حەریر، مەخمور) ئازوقەیان لێکڕیووە. وەک ئاماژەی پێدرا لە مایسی ١٩٦٣دا حەرەس

قەومی ئابلوقەی توندی خستە سەر ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان، بەڵام ناوبراو دوای سەپاندنی ئابلۆقەی ئابووریش بەردەوام بووە لە فرۆشتنی ئازوقە بە کەسانێک کە لە ژێر دەستی شۆڕشدا بوون، یەکێک لەو کەسانەی کە ئازووقەی پێ فرۆشتووە بۆ ناوچەکانی ژێر دەستی شۆڕش، حەرەس قەومی گرتوویانە و ناوی (سەید ئەحمەد) دەهێنێ و ئاشکرای دەکا، کاتێک لە هاوینی ١٩٦٣دا ناوبراو دەگرن و دەیبەن بۆ لای موتەسەریفی هەولێر (بەدرەشین عەلی) کە بینای موتەسەرفییە لە بەرانبەر نەخۆشخانەی کۆماری دەبێت، کەسی تۆمەتباریش لەوێ بووە کە چاوپێدەکەوێت یەکسەر تێدەگات لەسەرچی گیراوە، بۆیە جەلتەی لێ دەدات و دەکەوێتە سەر زەوی و ڕەوانەی نەخۆشخانەی کۆماری دەکرێت، دوای مانەوەی شەوێک لە نەخۆشخانە بۆ ڕۆژی دواتر کۆچی دوایی دەکات. (چاوپێکەوتن لەگەڵ گەیلانی سەید ئەحمەد، ٢٦-١٠-٢٠٢٠)

**٥-٢ ئازادبوونی دیلەکان:-**

بە هۆی ئەوەی شۆڕشی ئەیلوول لە جەولەی دووەمی شەڕکردن بوو لەگەڵ حکوومەتی عێراقدا. کورد کۆمەڵێک سەربازی عێراقی کەوتە دەست، هەروەتر بە پێچەوانەشەوە حکوومەتی بەعسییەکان لە ساڵی ١٩٦٣دا کۆمەڵێک پێشمەرگەی لە بەرەکانی جەنگ کەوتە دەست. بۆیە دواتر دیلەکەنیان لەدوای نەمانی بەعسییەکان لەسەر دەسەڵات لە تشرینی دووەمی ١٩٦٣دا گۆڕییەوە.

**٥-٢-١ گۆڕینەوە بە دیلەکانی ژێردەستی شۆڕشی کوردستان:**

بە پێچەوانەی حەرەس قەومی، مامەڵەی سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوول لەگەڵ دیل و گیراوەکانی عێراقی، زۆر مرۆڤانە بووە (Schmidt, 1964, 216-217). لە یەکەم ڕۆژی کودەتای ١٨-١١-١٩٦٣ بەعسییەکان لە دەسەڵات دوورخرانەوە، دەسەڵاتی نوێی قەومییەکان بە

سەرۆکایەتیی عەبدولسەلام عارف تەواوی زیندانییانی قەومی، ئیخوان موسلیمین و عروبییەکانی ئازادکرد، جگە لە کورد و شیوعییەکان نەبێ. (ئاکرەیی، ٢٠١٨، ٩٥) دواتر سەرکردایەتیی شۆڕشی کوردستان لەگەڵ (عەبدولسەلام عارف) و دەسەڵاتی تازەی عێراق کەوتە گفتوگۆ و زیندانییەکانیان ئالوگۆڕپێکرد، ژمارەیەکی زۆر لە گیراوانی کورد لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٣ و سەرەتای ساڵی ١٩٦٤ لە بەندیخانەکانی عێراق گیرابوون، بە تاک و کۆمەڵ ئازاد کران، هەروەها هەندێکیان بە ئەفسەرە دیلەکانی عێراقی ژێردەستی شۆڕشی کورد گۆڕدرانەوە. وەک (ساڵح یووسفی) لە دوای مانەوەی نزیکەی شەش مانگ لە زیندانەکانی عێراقدا لە ٣-١-١٩٦٤دا ئازادکرا. (ڕاستگەلدی، ٢٠٠٤، ١٢٣). هاوکات لەگەڵ هێرشکردنە سەر کوردستان لە ڕێکەوتی ١٠-٦-١٩٦٣ هێزەکانی پێشمەرگە و حکوومەتی عێراق لە تەنگەبەر (المضیق)ی دهۆک، سەرقاڵی گۆڕینەوەی دیل و بارمتەکان بوون، بەڵام بە هۆی هێرشی حەرەس قەومییەوە لە هەمان ڕۆژ کارەکە پرۆسەی گۆڕینەوەی دیلەکان وەستێنرا (البوتاني، الجزء ٢، ٢٠١٧، ٢١٢).

**٥-٢-٢ ڕاکردن لە زیندان:**

بە درێژایی مێژوو، زۆر جار زیندانییەکان لە هەر شوێنێکی ئەو سەر زەمینەدا لە دەرفەتێک گەڕاون بۆ هەڵاتن و ڕاکردن لە زیندان، بەڵام مەرج نییە هەر هەوڵێکی لەم جۆرە سەرکەوتنی بەدواوە بێت، خۆ ئەگەر لایەنی پەیوەندیدار و لێپرسراو لە زیندانەکە، لەکاتی هەوڵدان بۆ هەڵاتن بە زیندانییەکانیان بزانیبایە، ئەوا بە توندترین شێوە ڕووبەڕوویان دەبوونەوە بۆ ئەوەی ڕێ لەم هەوڵەیان بگرن و جارێکی دیکە زاتی ئەوە نەکەن دووبارەی بکەنەوە، زۆرجاریش هەر سەرانی زیندانەکان دەستیان هەبووە بە چاوقوچاندن و بێدەنگیکردن لە ڕاکردنی زیندانییان، ئەمەش لە ئەنجامی وەرگرتنی بەرتیل یاخود لە کاتی دەستاودەستکردنی دەسەلات و

ڕووداني كودەتايەكەوە. بۆيە زيندانييانى كورديش هەوڵيانداوە خۆيان ڕزگاربكەن و ڕابكەن. ئەوەتا (لوقمان موستەفا بارزانى) كە دووەم كوڕەگەورەى (مەلا موستەفا بارزانى) بوو، ناوبراو ئەندامى وەفدى دانوستانكارى كورد بوو لەگەڵ (ساڵح يووسفى)، بەڵام دەگيرێت و حوكمى زيندانيكردنى بۆ چەند ساڵێك بەسەردا دەبڕدرێتەوە، ناوبراو تێكچوونى بارودۆخى سياسى و ئاسايش دەقۆزێتەوە و لە كودەتاى ٨-٢-١٩٦٣دا لەگەڵ چەند زيندانييەك سەركەوتوو دەبن لە شكاندنى دەرگاى زيندانى ڕەشيد لە بەغداد و هەڵدێن. (Schmidt, 1964, 251) ژمارەى ئەو زيندانييە كوردانەى كە لە سەردەمى (عەبدولكەريم قاسم)دا گيرا بوون تا ڕۆژى كودەتاى ٨-٢- ١٩٦٣ خەملێندراوە بە ٤٧١٢ كەس. (ساڵح يووسفى) و (شەوكەت ئاكرەيى) لەگەڵ حەرەس قەومييەكان كەوتنە گفتوگۆ بە مەبەستى ئازادكردنى تەواوى زيندانييەكانى كورد، دواى پێدانى چەند بەڵێنێك ٢٧٠٠ كەسيان ئازادكران، بەڵام لە هەفتەكانى دواتردا ١٥٠٠ كوردى ديكە دەستگيركران، بەم شێوەيە ژمارەى زيندانييانى كورد لە زيندانەكانى حەرەس قەومى بە ٣٥٠٠ زيندانيكراو دەخەملێنرێت تاوەكوو شەڕى كورد و حەرەس قەومى لە ١٠-٦-١٩٦٣ ,Schmidt, 1964) . (252. يەكێكى ديكە لە زيندانييەكان (سەبرى ئەحمەد بۆتانى)ە كە لە ساڵى ١٩٦٣دا لە كەركووك بەندكرابوو، دواى ئەشكەنجەدانێكى زۆر، لە كاتى گواستنەوەى لە كەركووك بۆ موسڵ بە مەبەستى خستنە ژێر چاودێرى مەحكەمەى سەربازى. لە كاتى گواستنەوەيدا لە لايەن هێزە ئەمنييەكانەوە، دەرفەتى بۆ هەڵكەوتووە، لە دەست هێزە ئەمنييەكانەوە ڕا بكات و ڕاستەوخۆ پەيوەندى بە هێزەكانى پێشمەرگەوە دەكات (راستگەلدى، ٢٠٠٤، ١٢٠-١٢١). هەروەها نموونەى هەڵاتنى ديكە هەن لەوانە (هاشم ئاكرەيى)، لە هاوينى ١٩٦٣دا بە شێوەيەكى عەفەوى لە دەرگاى پشتەوەى يەكێك لە زيندانەكانى بەغداد ڕادەكات، بە خۆرێك ٧-٨ مەترێك لە زيندانەكە دووربووە، كاتێك خوداحافيزى لە پاسەوانەكان دەكات. پاسەوانەكان وا دەزانن كە يەكێك بووە لە لێكۆڵەرەوانى دەستەى

لێکۆڵینەوە لە زیندانیان یاخود یەکێک لە برادەرانی پاسەوانەکانە کە سەردانی کردوون. (ئاکرەیی، ٢٠١٨، ٥٣-٥٤). لە ڕێکەوتی ١-٧-١٩٦٣ لە زیندانی حەرەس قەومیدا لە هەولێر دوو برای (فارس باوە ١٩٣٢-١٩٩٥ فەرماندەی ئەوکاتەی پێشمەرگە لە دەشتی هەولێر)، بە ناوەکانی (فاریق و یونس) پەنجەرەی زیندان دەشکێنن و بە هاوکاریی دوو زیندانی دیکە، بەڵام تەنها ئەوان سەرکەوتوو دەبن لە هەڵاتن، دووەکانی دیکە کە یەکێکیان ناوی (نووری) دەبێت، بەوپەڕی دڕندەییەوە ئەشکەنجە دەدرێن و تۆمەتەکەشیان بریتی بووە لە هەوڵی ڕاکردن و هاوکاریکردنی ڕاکردووان. (چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕەوەند [تاهیر کەریم عەلی]، لە ڕێکەوتی ١٨-١-٢٠٢١). کاتێک لە ئێوارەیەکی ناوەڕاستی تەمووزیدا ١٩٦٣ (تاهیر کەریم عەلی - ناسراو بە ڕەوەند) نەخۆشدەکەوێت و لەلایەن حەرەس قەومییەوە دەبردرێتە نەخۆشخانەی کۆماریی شاری هەولێر بە مەبەستی چارەسەر. لەو سەروبەندەدا لاشە و برینداری جاشەکان دەهێرێنە نەخۆشخانەکە کە یەکێک لە سەرۆکجاشەکان ناوی (ڕەشید گۆسکە) بووە و لەنزیک قوشتەپە کەوتبووە ناو کەمینی پێشمەرگەوە. خزم و کەسێکی زۆری کوژراو و بریندارە جاشەکان لەوێ دەبن. کاتێک دەکەنە گریان و هاوار، ناوبراو دەرفەت دەهێنێت و ڕادەکات. (چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕەوەند [تاهیر کەریم عەلی]، لە ڕێکەوتی ١٨-١-٢٠٢١).

**٥-٢-٣ ڕاکردنی شیوعییەکان:**

وەک پێشتر ئاماژەی پێدرا بە هۆی ئەوەی لە سەردەمی (عەبدولکەریم قاسم)دا شیوعییەکان هەڵوێستیان لەگەڵ حکوومەتی عێراقی بوو لە دژی شۆڕشی ئەیلوول. هەر لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕش لە ١١-٩-١٩٦١دا تا کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣. سەرەڕای ئەوەش کوردستان باوەشی بۆ شیوعییەکان کردەوە، تەنانەت (عەلی ساڵح سەعدی) لە نیسانی ١٩٦٣دا گلەیی دەکات لە شاندی گفتوگۆی کوردی بە

سەرۆکایەتیی (جەلال تاڵەبانی ١٩٣٣-٢٠١٧) کە **((هەرچی ئەو شیوعییانەی ڕادەکەن دێنە لای ئێوە، ئێوەش داڵدەیان دەدەن، نازانم ئەمە چۆن دەبێت، ئەوە هەڵوێستێکی دوژمنانەیە))** ئەویش وەڵامیدەداتەوە و دەڵێت ئەوان بۆ چارەسەریی کێشەی کورد هاتوون نەک وەکوو شیوعی، هەروەها لە عورفی کوردیدا پەنابەر دەپارێزرێ، و پێویستە ئیبادە و گرتنی شیوعییەکان ڕابگیرێت (جلال، ٢٠١٩، ٢٢٢). ڕاکردنی شیوعییەکان لەژێر دەسەڵاتی حەرەس قەومیدا لە ناوچەکانی خواروو و ناوەڕاستی عێراقدا بۆ ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان لە هاوینی ١٩٦٣دا زیادی کرد، بە تایبەتی لە دوای ١٠-٦ هەمان ساڵدا کاتێک حەرەس قەومی هێرشی کردە سەر کوردستان، ئەمەش وەک هەڵاتنێک بوو لە زیندانێکی گەورەدا. بێگومان گەیشتن بە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشی ئەیلوول لەم بارودۆخەدا کارێکی ئاسان نەبوو. بۆیە لە ڕێگای پێدانی بەرتیل و پارە بە ئەندامە گەندەڵەکانی حەرەس قەومی ئەم کارەیان ئەنجامداوە، ئەمەش بە پێی ڕاپۆرتی نهێنیی س٢\ق٦٧٣١\١ لە ١٩٦٣\٨\١٤، کۆمەڵە کەسێکی شیوعی بیتاقە و ناسنامەی تەزویریان فرۆشتووە بە ئەندامانی شیوعی تاوەکوو گەیشتوونەتە گوندی (کوک جەلی) لە موسڵ، مەبەستیان گەیشتن بووە بە هێزەکانی پێشمەرگە (هيئة الدليل للجمهورية العراقية، ١٩٦٤، ١٣٣). ئەمە بوو لە درەنگانی نیوەشەوێکی هاوینی ١٩٦٣دا حەرەس قەومییەکان هەڵیانکوتاونەتە سەر، هەروەها ئەو کەلوپەلانەی کە لە شیوعییەکان گیراون لەو گوندی (کوک جەلی)، بە پێی کتابی ژمارە س٢\ق٧٦١٨\١٣ لە ٩٦٣\٨\١٤ بریتی بوون لە ١٥٠ کلاشینکوف و هەندێک توتن کە بۆ پێشمەرگە بردرابوو. دواتر ئەو شیوعیانەی کە گیران لەگەڵ ئەو ئەندامە حەرەس قەومیانەی کە بە ڕەشوە و بەرتیل هاوکاریان کردوون، درانە دادگای عەسکەریی حەرەس قەومی، لەوێ دووپاتیان کردۆتەوە کە پێویستە بە توندترین شێوە ئەشکەنجە و سزابدرێن لە دادگای ناوبراو (هيئة الدليل للجمهورية العراقية، ١٩٦٤، ١٣٢). هەروەها یەکێکی دیکە لە کەسایەتییە کوردە شیوعییەکان (ساڵح حیدەری ١٩٢٢-

٢٠٠١)، بوو. لە شوباتی ١٩٦٣دا حەیدەری ڕادەکاتە کوردستان، بۆ ماوەی ساڵێک کاری کردووە لە بەشی (پڕوپاگندە و پەخش) لە میدیای شۆڕشی ئەیلوول لە ڕۆژنامەی (خەبات) و ڕادیۆی (دەنگی کوردستان)دا، لە بارەگای مەکتەبی سیاسی لە ناوچەی (ماوەت) کە دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی سلێمانی (گۆمەتالی، ٢٠١٩، ١٣١-١٣٢، ١٥٥). براکەشی (جەمشید حەیدەری) دوای ئەوەی بریندار دەبێت لە ٨ی شوباتی ١٩٦٣ لە بەرگریکردن دژی حەرەس قەومی لە بەغدا، بۆ ماوەی ٤٠ ڕۆژ بە شێوەیەکی نەهێنی لە شارەکە دەمێنێتەوە، لە یەکەم ڕۆژی نەورۆزی ١٩٦٣دا، سەرکەوتوو دەبێت لە ڕاکردنی بۆ هەولێر. (چاوپێکەوتن لەگەڵ جەمشید حەیدەری، لە ڕێکەوتی ١٤-١-٢٠٢١).

### ٥-٢-٤ بە هۆی نێوەندگیری (واستە) و پێدانی بەرتیل:

هەندێک جار بەرپرسەکانی میلیشیای حەرەس قەومی هاتوونەتە ژێرباری بەرتیل وەرگرتن و دڵنەرم بوون لە بەردانی گیراوانی کورد. دوای ئەوەی لە سەرەتای هاوینی ١٩٦٣دا دەرچوویەکی تازەی زانکۆ بە ناوی (ڕەسووڵ عەبدوڵڵا دەبباغ)، لە شارۆچکەی کۆیە دەگیرێت لە لایەن چەکدارەکانی (تەها شەکرچی موسڵاوی) کە لێپرسراوی میلیشیای حەرەس قەومی لە شارۆچکەکە بوو، کەس و کاری گیراوەکە پەنا دەبەنە بەر دۆستێکی لێپرسراوی میلیشیای حەرەس قەومی بە ناوی (سەید جەلالی سەید حەمەدی دوکاندار)، ئەم لێپرسراوە فریای گیراوەکە دەکەوێت و بۆ ئێوارەی هەمان ڕۆژی گیرانەکەی ئازاد دەکرێت. کەچی مامۆستایەکی هاوزیندانی (کەمال ڕشید ئاغای)، لە هەمان شەودا گوللەباران دەکرێت (دەبباغ، ٢٠٠٢، ٣٣-٣٤). هەروەها نموونەی گیراوانی ترمان هەیە کاتێک زیندانییە سیاسییەکانی هەولێر نێردراون بۆ لای موتەسەریفی شارەکە (بەدرەدین عەلی)، داوای لێ کردوون بڕی ٥٠ دینار بدەن بۆ ئەوەی ئازاد بکرێن، هەرچەند بڕە پارەکە بۆ ئەو ڕۆژگارە زۆر

بووه، بەڵام بەشێک لە زیندانییە سیاسییەکانی هەولێر بڕی پارەی دیاریکراویانداوە بە موتەسەریف و خۆیان کڕیوەتەوە لە زیندانیکردن و ئازادکراون (پەیوەندیی تەلەفۆنیلەگەڵ تارق جانباز، ٢٢-١٠-٢٠٢٠). نموونەیەکی دیکەی پەنابردنە بەر واستە، دایکی (بەهائەدین نووری)یە، لە ساڵی ١٩٦٣دا لە سلێمانی دەچێتە بەغدا و دەتوانێت نەوەکانی کە (سلام، پەری، حەیات) بوون ئازادیان دەکات، لەسەرەوە ئاماژە درا کە زیندانیکرابوون لە لایەن حەرەس قەومییەکان. (نوری، ٢٠٠١، ٣٦٥). بەڵام بووکەکەی (مادلین منیر) لە زیندان دەمێنێتەوە. لە ساڵی ١٩٦٤ (عەبدولسەلام عارف) سەرۆککۆماری عێراق (١٩٦٣-١٩٦٦)، ڕەگەزنامەی عێراقی لە هاوسەری (بەهائەدین نووری) کە ناوی (مادلین مونیر)ە دەسێنێتەوە بە تۆمەتی جوولەکە بوون، لە عێراق دەریدەکات، لەوێوە دەچێتە ئیسرائیل، بەڵام لە ئیسرائیل وەرناگیرێتەوە، سەرەڕای ئەوەی دایک و خێزانی ناوبراو لە ئیسرائیل دەژایان. بۆیە ڕێگای چیکوسلۆڤاکیا دەگرێتە بەر و لەوێ یەکتر دەگرنەوە لەگەڵ هاوسەرەکەی و لە ئەورووپا ژیان بەسەر دەبات (نووری، ٢٠٠١، ٣٦٥) و (چاوپێکەوتن لەگەڵ جەمشید حەیدەری، ١٤-١-٢٠٢١).

### ٥-٢-٥ لێکەوتەکانی زیندانیکردن لە ماوەی یەکەمی حوکمرانیی بەعس:

لە پاڵ هەموو ئەو تراژیدیایەی کە شەڕ لەگەڵ خۆیدا هێنای، لە ماوەی یەکەمی حوکمرانیی بەعس لە ساڵی ١٩٦٣دا هەزاران کورد لە لایەن حەرەس قەومییەکان دەستگیردەکرێن، ژمارەیەکی زۆر لەوانە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە زینداندا دەمێننەوە. وەک ئاماژەی پێ درا بەشێکیان گیانیان سپارد لە ژێر ئەشکەنجە و ئازاری نێو زیندانەکانەوە، بەشێکی دیکەشیان بە شێوازی جیاجیا توانیان خۆیان ئازادبکەن یاخود بەهەر جۆرێک بێت ئازادکران. بەڵام لەپاڵ ئەمانەدا هەندێک لە زیندانییەکان دەستەکانیان دەبەسترایەوە و بە دوای زرێپۆشەکانیان

ڕادەکێشران و لە تەنیشت شۆستەکاندا فڕێ دەدران. بە شێوەیەکی زۆر خراپ مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا و دواجار زۆر بەسەختی نەخۆشدەکەوتن (راستگەلدی، ٢٠٠٤، ١٠٧). کاریگەرییەکانی ئەشکەنجەدان، هەندێک جار ڕاستەوخۆ دەردەکەوتن. جا چ بە مردن، تێکچوونی باری دەروونی، لەدەستدانی ئەندامەکانی جەستە، یاخود لە کارکەوتن و ئیفلیجبوونی ئەندامەکانی جەستە چ لە کاتی لێدان و ئەشکەنجەداندا، یاخود لەدوای ئازادبوونیان.

## ٥-٢-٦ دەستلەکارکێشانەوەی زۆرەملێ و لە کارلادانی مامۆستایان و فەرمانبەران:

یەکێکی دیکە لە لێکەوتەکانی زیندانیکردنی مامۆستا و فەرمانبەرەکانی کوردستان، بریتی بوو لە دوورخستنەوەیان لە کارەکانیان. ئەوەتا (بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی لیوای هەولێر)، لە ڕێکەوتی ٢٠-٣-١٩٦٣ بە نووسراوی ژمارە (٣٠٩٠)، فەرمانی دەستلەکارکێشانەوەی بە زۆر بۆ ٢٩ مامۆستای هەولێر دەرکرد کە لە بەندیخانەکانی هەمان شار بەندکرابوون. بۆ نموونە: (ئیبراهیم خەتاب، ئیدریس حەسیب فەتاح، یەعقوب حەنا سەباغ، حەیدەر یونس، جەمال جەمیل، شوکریە عەبدولئەحەد، سوهام حەننا ناصر...) و چەند دکتۆر و فەرمانبەرێکی دیکەش بە هەمان شێوە لە کارەکانیان دوور خرانەوە (صدیق، ٢٠١٩، ٨٦-٨٧). بێگومان هەریەک لەو گیراوانەی کە بە زۆرەملێ و لە زیندان دەستلەکارکێشانەوەیان پێ کراوە یانیش لە کارەکانیان دوورخراونەتەوە، بووەتە هۆی ئەوەی کە خێزانەکانیان تووشی کێشە گوزەران و کەمدەرامەتی ببنەوە، چونکە ئەوان ئەگەر خەرجی تەواوی خێزانەکانیشیان نەکردبێت هی بەشێکیان کردووە بە مووچەکانیان.

**ئەنجام**

لە ماوەی تەرخانکراوی ئەو توێژینەوەیە و دواتریشدا، حکومەتی عێراق کۆمەڵێ ئامانجیان هەبووە لە ئەشکەنجەدانی زیندانییەکان، ئەشکەنجەکان چ لە ڕووی جەستەیی یان دەروونییەوە بووبێت، دەکرێت لەم خاڵانەی خوارەوە چڕیانبکەینەوە:

-لەگەڵ هاتنیان بۆ سەر تەختی دەسەڵات لە ٨-٢-١٩٦٣دا، میلیشیای حەرەس قەومی، دەیان ئەندام و لایەنگری شیوعی و قاسمییان گرت، ئەمەش بووە هۆی بڵاوبوونەوەی ترس و تۆقاندنێکی زۆر بە نێو خەڵکیدا، بۆیە بەشێکی زۆری شیوعییەکان ڕایانکرد بەرەو ئێران و کوردستان.

-حەرەس قەومی لە هەڵمەتە ڕەشبگیرییەکانیاندا لە بەغدا و شارە کوردنشینەکاندا، دەستیان لە هیچ کەسێک و توێژێک نەدەپاراست وەک (ئافرەت، پیاو، منداڵ، پیر، دکتۆر، پارێزەر، مامۆستا، فەرمانبەر، قوتابی...هتد). بێجیاوازی هەموو توژێکی دەخستە زیندانەوە.

- تورکمان و عەرەبەکان لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان هاوکار و هەماهەنگیان کردووە لەگەڵ حەرەس قەومی دژی کورد، بۆیە ئەوان بوونەتە دەرخستن و تۆخکردنەوەی جیاوازییە ئیتنیکییەکان و کاڵبوونەوەی بەیەکەوەژیان و لێبووردەیی.

- بە دەگمەن مەسیحییەکان هاوکاری میلیشیای حەرەس قەومیان کردووە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە شانبەشانی کورد گیراون و زۆر ئەشکەنجە دراون.

- خەڵکێکی زۆر لە ترسی حەرەس قەومی دەیان دەستنووس و پەرتووکی دەگمەنیان سووتاندن و لەناویانبردن. بە تایبەتی لە شاری

سلێمانی، کاتێک خەڵک دەکەوتنە بەر مەترسی پشکنین (تحری)، ئەوەش بە مەبەستی نەدانی بەڵگە و ترسیان لە کوژرانیان، هەروەها دواجار نەکەونە نێو زیندانەکانی ئەو میلیشیایە.

-ددانپێدانان بە ئەندامبوون لە پارتی یاخود شیوعی کە دوو حیزبی شۆڕشگێڕی چەکداری بوون، بەڵام لە دیدی بەعسییەکان و جەلادەکانی دەوڵەتی عێراق تێکدەری وڵات و خیانەتکار بوون.

-ئەشکەنجەدان وەک پەرچەکردارێکی تۆڵەکردنەوە، لە دژی زیندانیکراوان، ئەمە لە کاتێکدا کە هێزەکانی عێراقی تووشی شکست دەبوون لە بەرەکانی شەڕدا لە دژی شۆڕشی ئەیلوول. بە تایبەتی کاتێک هێزەکانی عێڕاقی ژمارەیەکی زۆری سەربازیان لێ دەکوژران.

-هەندێک جار بە مەبەستی دەستخستنی زانیاری لەسەر کەسانێک هاوکاری شۆڕش دەکەن، بە هۆی ئەوەی کەسی لێکۆڵەر نەزان و کەمشارەزا بووە، بۆیە پەنای بردۆتە بەر ئەشکەنجەدانی زیندانییانی سیاسیی کورد.

-هەندێک جاریش ئەشکەنجەی زیندانیکراوانی کوردیان داوە، بە تایبەتی خەڵکی دەوڵەمەند، بە مەبەستی وەرگرتنی پارە و بەرتیل بۆ ئەوەی لەو ڕێگایەوە خۆیان دەوڵەمەند بکەن لەسەر حیسابی ڕووتاندنەوە و بەزۆر پارە لێسەندن.

-مەبەست لە ددانپێدانانەکان، بریتی بووە لەوەی کە ببن بە بەڵگە بۆ ئەوەی سزای زیندانیکردنیان بە یاسایی بکرێت، دواتر لەسێدارە یان گوللەباران بکرێن.

-بە هۆی ئەوەی هەندێک لە زیندانییەکان بە توندی ئەشکەنجەدراون، لە ئەنجامدا تووشی ئیفلیجبوونی ئەندامانی لەشیان

بوون؛ وەک ئیفلیجی دەست و پێ. تەنانەت هەندێک لە زیندانییەکان لە ژێر ئەشکەنجەدان گیانیان سپاردووە.

**پەراوێزەکان:-**

1 -حیزبی شیوعی عێراقی (ڕەسەن) بە پێی دەرچونی قانونی پارت و کۆمەلەکان ژمارە ١ سالی ١٩٦٠ ڕێی پێ نەدرا. بەڵکو قاسم ڕێپێدانی دا بە حیزبی شیوعی کۆپی بە سەرۆکایەتی داود سایغ کە لە حیزبی شیوعی (ڕەسەن) جیا ببوەوە و پارەی لە وەزارەتی ناوەخۆ وەردەگرت، دواتر شکستی هێنا، کە دەسەلات ئەوی کرد بووە جێگرەوەی حیزبی شیوعی عێراقی بە سەرۆکایەتی ( سەلام عادل) لەو کاتەدا (ئاکرەیی، ٢٠١٨، ٣٧).

2 -پارێزگاری ئەو کاتەی هەولێر بدرالدین علی کە لە نێوان سالآنی ١٩٦١- ١٩٦٤ کەساياتییەکی زۆردار و ناشیرین بوو لە بەرچاوی خەڵکی هەولێر بە هۆی ئەو زوڵم و ستەمەی کە کردی بەرانبەر خەڵکی شارەکە، هەر لە کاتی دەستبەکاربوونییەوە لە ساڵی ١٩٦١، ئەوەی زیاتر هاوکاری کرد لە بەرزکردنەوەی زوڵم و ستەمی ئەو پارێزگارە شۆڤینییە، هاتنی حەرەس قەومی و بەعسییەکان بوو بۆ دەسەڵات لە ٨-٢-١٩٦٣، بەڵام دوای نەمانی دەسەڵاتیان لە سەرەتای ١٩٦٤ دەسەڵاتی قەومییەکان لە پۆستەکەیان دوورخستەوە، ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کۆتایی ١٩٦٥ لە بەغدا کوشتیان و تۆڵەی خەڵکی هەولێریان لێکردەوە (عقراوی، ٢٠٠٧، ١٦١).

3 - علی سنجاری لە دایک بووی ساڵی ١٩٣٣ لە خێزانێکی کشتیاری قەزای سنجار سەر بە موسڵ. لە ساڵی ١٩٥٦ دادەمەزرێت بە کارمەند لە بەشی کارەبای هێڵی شەمەندەفەری موسڵ، هەمان ساڵ دێچێتە ڕیزی ڕێکخستنە

نەهێنییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان. لە تشرینی دووەمی ١٩٥٨ دەچێتە بەغدا بۆ پێشوازی بارزانی لە گەڕانەوەی لە ڕوسیای سۆڤیەت. لە تەمووزی ١٩٦١ دەچێتە بەغدا و دەبێتە بەرپرسی لقی پارتی لەو شارە. لە ساڵی ١٩٦٤ دەبێتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان، چەندین جار لە لایەن ڕژێمە جیاوازەکانی حکومەتی عێراق دەگیرێت لە نێوان ساڵانی ١٩٥٦-١٩٦٤ بە تۆمەتی کورد بوون. بەشدارییەکی کارای هەبووە لە بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد تا ئێستا لە ژیان ماوە و خاوەنی چەند کتاب و وتارێکە لە گۆڤار و ڕۆژنامە جیاوازەکان (بۆ زانیاری زیاتربڕوانە سنجاری، علي، صفحات من نبع ذاكرتي في الحزب الديمقراطي الكوردستاني (ألبوم صور مناضلي ثورة ١١ أيلول ١٩٦١، مطبعة خاني، دهوك – ٢٠١٥).

4 -بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، الخفاجي، فايز، الحرس القومي و دوره الدموي في العراق، جرائم أول ميليشيا بعثية في العراق المعاصر عام ١٩٦٣، بغداد – ٢٠١٥.

5 -(نازم گزار لازم ئەلعیساوی) لە ساڵی ١٩٤٠ لە قەزای شارەبانی سەر بە پارێزگای دیالی لە خێزانێکی شیعە مەزهەب لە دایک بووە. لە دوای کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ بەعسییەکان دایدەمەزرێنن لە نوسینگەی لێکۆڵینەوەی تایبەت بەسەرۆکایەتی (ملازم عەمار عەلوش)، لەو ماوەیەدا ڕۆڵێکی خراپ دەگێڕێت لە ئەشکەنجەدانی زیندانیانی کورد لە عێراق. لە دوای ئینقلابی ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ ڕاپێچی زیندان دەکرێت. لە ٢٤ی شوباتي ١٩٦٨ ئازاد دەکرێت، دواتر دەبێتە بەڕێوەبەری گشتی ئاسایشی بەعسییەکان لە نێوان ساڵانی ١٩٦٨-١٩٧٣. یەکێک بووە لە هەرە دڵڕەق و جەلادەکانی لە ئەشکەنجەدانی نەیارەکانی بەعس. لە دوای ئەنجامدانی کودەتایەکی شکستخواردوو لە دژی (ئەحمەد حسن بەکر) و (سەدام حوسێن)، لە حوزەیرانی ١٩٧٣ دەکوژرێت. بۆ زانیاری زیاتر

بڕوانە: شامل عبدالقادر، ناظم كزار، سيرة اقوى مدير عام في تاريخ العراق السياسي الحديث ١٩٦٨-١٩٧٠، و اسرار انقلابه الفاشل، بيروت- ٢٠١٤.

6-بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: سەعید، محمد باقی، بۆ مێژوو بیرەوەری دەربارەی تاوانەکانی زەعیم سدیق و ئینزیباتخانە...، چاپی سێیەم، سلێمانی-٢٠١٦؛ مجموة من المؤلفين: غيض من جرائم الشوفينية في كردستان، احداث منع التجول ١٩٦٣ نموذجا، اعداد محمد نوري توفيق، ترجمة عن الكردية، حسين عثمان نيركساري، سليمانية-٢٠٠٢)

7- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (جمال مصطفى مردان، انقلابات فاشلة في العراق، محاولة حركة القوميين العرب ٢٦ مايس ١٩٦٣، بغداد-بدون سنة الطبع، ص ص ٤٥-٥٦).

**لیستی سەرچاوەکان:**

**پەرتوک و یاداشت بەزمانی کوردی یان وەرگێردراو بۆ سەر ئەو زمانە:**


- ئاوارە، موحسین. (٢٠٢٠)، ئەمڕۆ ساتمەم کرد بەسەر دوێنێدا کەوتم، هەولێر.

- بارزانی، مسعود. (٢٠٢٠)، بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، ١٩٦١-١٩٧٥، شۆڕشی ئەیلول، هەولێر.

- پشدەری، عبدالله احمد ڕسول. (٢٠٠٩)، چاپی دووەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

- تریپ، چارلز. (٢٠١٠)، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی عێراق، لێکۆڵینەوەیەکی بەڵگەنامییە لە مێژووی عێراقی نوێ لەوەتای دروسبوونی دەوڵەتی نوێ تا ناوەڕاستەکانی ٢٠٠٢، وەرگێڕانی بۆ کوردی: محەمەد حوسێن ئەحمەد و عبدولقادر کەڵهوڕ، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

- جلال، مام. (٢٠١٩)، دیداری تەمەن لە لاوێتییەوە بۆ کۆشکی کۆمار، ئامادەکردنی: سەلاح ڕەشید، چاپی چوارەم، سلێمانی.

- دەبباغ، خدر عەبدوڵلا. (٢٠٠٢)، بیرەوەرییەکانم و تۆپخانەی شۆڕشی ئەیلوولی مەزن، هەولێر.

- راستگەلدی، د. سەلاحەدین. (٢٠٠٤)، شەڕە لەبیرکراوەکە ڕاپۆرتێک لە کوردستانەوە، وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی کوردی لە سوێدییەوە، کاوە ئەمین، دەزگای ئاراس، هەولێر.

- سەعید، محمد باقی. (٢٠١٦)، بۆ مێژوو بیرەوەری دەربارەی تاوانەکانی زەعیم سدیق و ئینزیباتخانە، گرتووخانەی سەربازی سلێمانی لە سالانی ١٩٦١ بە دواوە، چاپی سێیەم، سلێمانی.

- شوانی، فاتیح عەبدوڵڵا. (٢٠٠٥)، پارێزگای کەرکوک لە ١٩٥٧-١٩٧٧، سلێمانی.

- گۆمەتالی، بورهان حاتم. (٢٠١٩)، ساڵح حەیدەری ١٩٢٢-٢٠٠١، چاپی دووەم، هەولێر.

- نوری، بەهائەدین. (٢٠٠١)، بیرەوەریەکانی بەهائەدین نوری، بەشی یەکەم، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە بۆ کوردی سەردار سالح، سلێمانی.


**ڕۆژنامە و گۆڤارەکان:**


- حەوێزی، نەورۆز، نایلە بیووک. (٢٠١١)، گۆڤاری پەیامی ئەیلول، ژمارە ٢٢، هەولێر.

- قادر، مەهدی محەمەد. (٢٠١٢)، هەولێر لەماوەی یەکەم حوکمرانی بەعسدا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژ ٢٢، هەولێر، ل ل ٤٠٥-٤٥٢.


**ئینسکلۆپیدیا:**


- ئەمین، وریا عمر. (٢٠٠٩)، جەژنی کەران – هەولێر ١٩٦٣، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەرگی ٩، بەیروت.

**نامەی ماستەر و دکتۆرا**


- صدیق، سنور صباح. (٢٠١٩)، خوێندنی فەرمی لە شاری هەولێر ١٩٥٨-١٩٨٠، توێژینەوەیەکی مێژوویی بەلگەنامەیی، پێشکەشکراوە بە بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر.

- عەلی، بارزان محەمەد. (٢٠١٦)، جەمال حەیدەری (١٩٢٦- ١٩٦٣) ڕۆلی سیاسی و ڕۆشەنبیری، ماستەرنامە - بەشی مێژوو - کۆلێژی ئاداب - زاکۆی سەلاحەدین–هەولێر.


**چاوپێکەوتنەکان و پەیوەندی تەلەفۆنی:**


- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ تارق جانباز، لە شاری هەولێر، لە ڕێکەوتی ٢٢-١٠-٢٠٢٠.

- چاوپێکەوتن لەگەڵ (یوسف حمە صالح مصطفی)، لە کۆلێجی ئاداب، ژووری خوێندنی باڵا، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر، لە بەرواری ٢٨-٨-٢٠٢٠، کە کوڕی زیندانی سیاسی (حمە صالح مصطفی ناسراو بە مچە حاجی، ١٩٢٧-١٩٩٥) لە سەردەمی حەرەس قەومی لە هاوینی ١٩٦٣ لە سلێمانی.

- چاوپێکەوتن لەگەڵ جەمشید حەیدەری، لەگەڕەکی زانکۆ -هەولێر، خانوی ژمارە B 88، لە ڕێکەوتی ١٤-١-٢٠٢١.

- چاوپێکەوتن لەگەڵ گەیلانی سید احمد سید محمدامین، لە دادگای تیاهەڵچوونەوەی هەولێر، لە ڕێکەوتی ٢٦-١٠-٢٠٢٠ کە کوڕی سید احمد سید محمدامین.

- چاوپێکەوتن لەگەڵ ئیبراهیم قەساب، لە گەڕەکی ئاشتی ١ خانوی ژمارە ١٠٨٢- هەولێر، لە ڕێکەوتی ١٨-١-٢٠٢١.

- چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕەوەند [تاهیر کریم علی]، لە بارەگای مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعی کوردستان لە گەڕەکی ئازادی-هەولێر، لە ڕێکەوتی ١٨-١-٢٠٢١.

- چاوپێکەوتن لەگەڵ کەمال شاکر، لە پشت بەنزینخانەی شۆڕش- هەولێر، لە ڕێکەوتی ٢٠-١-٢٠٢١.

- چاوپێکەوتن لەگەڵ ممتاز حەیدەری، لەگەڕەکی زانکۆ – هەولێر، خانوی ژمارە 88 B، لە ڕێکەوتی ١٤-١-٢٠٢١.

**باللغة العربي:**

- ئاكرەيى، هاشم طه. (٢٠١٨)، من ذكرياتي في السجن، مطبعة جامعة صلاح الدين، أربيل.

- احمد، ابراهيم خليل و حميدي، جعفر عباس. (١٩٨٩)، تاريخ العراق المعاصر، دار الكتب، الموصل.

- البوتاني، عبدالفتاح علي. (٢٠٢٠)، حوادث الموصل وكركوك وتداعياتها ٨ آذار ١٩٥٩-١٤ تموز ١٩٥٩، أربيل.

- البوتاني، عبدالفتاح علي. (٢٠١٧)، منطقة بادينان ١٩٢٥-١٩٧٠، الجزء ٢، أربيل.

- الحزب الشيوعي العراقي. (٢٠٠١)، شهداء الحزب شهداء الوطن سفر نضالي موجز عن شهداء الحزب الشيوعي العراقي للفترة بين ١٩٣٤-١٩٦٣، بيروت.

- الخفاجي، فايز. (٢٠١٥)، الحرس القومي و دوره الدموي في العراق، جرائم أول ميليشيا بعثية في العراق المعاصر عام ١٩٦٣، بغداد.
- الزبيدى، ليث عبدالحسن. (١٩٨١)، ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨ في العراق مكتبة اليقظة العربية، الطبعة الثانية، بغداد.
- سنجارى، علي. (٢٠١٥)، صفحات من نبع ذاكرتي في الحزب الديمقراطي الكوردستاني (ألبوم صور مناضلي ثورة ١١ أيلول ١٩٦١). مطبعة خاني، دهوك.
- عبدالقادر، شامل، ناظم كزار. (٢٠١٤)، سيرة اقوى مدير عام في تاريخ العراق السياسي الحديث ١٩٦٨ـ١٩٧٠، و اسرار انقلابه الفاشل، بيروت.
- عقراوى، شكيب. (٢٠٠٧)، سنوات المحنة في كردستان، احم الحوادث السياسية و العسكرية في كردستان و العراق من ١٩٥٨ الى ١٩٨٠، مطبعة مناره، أربيل.
- العلوي، هادي. (٢٠١٠)، من تاريخ التعذيب في الأسلام، دار الأوان، الطبعة الأولى، دبي.
- فندى، عبدالكريم. (١٩٩٥)، فصول ثورة أيلول في كردستان العراق، دهوك.
- ققطان، كاوس. (٢٠٠٤)، الحركة القومية التحررية الكردية في كردستان العراق ١٩٥٨ـ١٩٦٤، سليمانية.
- مجموة من المؤلفين. (٢٠٠٢)، غيض من جرائم الشوفينية في كردستان، احداث منع التجول ١٩٦٣ نموذجا، اعداد محمد نوري توفيق، ترجمة عن الكردية، حسين عثمان نيركساري، سليمانية.
- مردان، جمال مصطفى. (بدون سنة الطبع)، انقلابات فاشلة في العراق، محاولة حركة القوميين العرب ٢٦ مايس ١٩٦٣، بغداد.
- الناشي، توفيق جاني و الرومي، ابتسام نعيم. (٢٠٠٨)، طوارق الظلام، بغداد.

- هيئة الدليل للجمهورية العراقية (تعتبر من مجموعة الشكوى ضد الحرس القومي بعد عزلتهم على السلطة في ١٨-١١-١٩٦٣)، المنحرفون من الحرس القومي، بغداد.

- **الصحف والمجلات باللغة العربية:**

- المجلة العسكرية، العدد ٣ تموز ١٩٦٣، مطبعة الجيش العراقي- بغداد، بكر، أحمد حسن، خطاب رئيس مجلس الوزراء بمناسبة احتفالات ثورة تموز.

- نشرة أربيل، ١٦-آذار-١٩٦٣، العدد ٧٠، البيان التاريخي لمجلس قيادة الثورة في بغداد حول منح الحقوق القومية.

**Sources in English language:**

- An escape prisoner, (1934), The Sonnenburg Torture Camp, The Farmers National Weekly, New York, June.

- Gibson, Bryan Robert. (2013), U.S. Foreign Policy, Iraq, and the Cold War 1958-1975, London.

- Records of the Kurds Territory. (2015), Revolt and Nationalism 1831-1979, British Documentary Sources, Editor A.L.P. Burdett, first published, Cambridge vol 11, 1951-1965, Iraqi Situation, February 10, 1963, Defence.

- Records of the Kurds Territory. (2015), Revolt and Nationalism 1831-1979, British Documentary Sources, Editor A.L.P. Burdett, first published, Cambridge vol 11, 1951-1965, Jamieson, K. D., July 8, 1963, British Embassy Ankara.

- Records of the Kurds Territory. (2015), Revolt and Nationalism 1831-1979, British Documentary Sources, Editor

A.L.P. Burdett, first published, Cambridge vol 12, 1966-1979, Sanders, 17 June, 1974, British Embassy Baghdad.

- Schmidt, Dana Adams. (1964), Journey Among Brave Men, Boston, Toronto.

## Abstract

### The situation of Kurdish prisoners in Iraqi prisoners from 8-2-1963 to 18-11-1963

In the contemporary history of Iraq, the first period of Baa'th party's era which very significant in the history of the country. After the coup of 8th February 1963, which Iraqi National Guard (Baa'si) obtained power. As a result, Abdul Karem Qasm the first President of the Iraqi Republic (1958-1963), many Iraqi people Kurds were not exempted and who were captured from different cities and rural areas in the whole Iraq, and they were taken to prisons like Arabs or other ethnic and religion groups and Kurdish soldiers (Peshmarga's) captives from fronts particularly, from 09-06-1963 to 18-11-1963. Those prisoners were accused of being members of Iraqi Communist Party or Kurdistan Democratic Party which were considered as the opposition party of the government. Otherwise, they probably almost did not commit any crime against law and civilians. Therefore, it could be named them political prisoner in the mentioned period. While the Kurdish political prisoners were in Iraqi prisons. Particularly, after 9th Jun, 1963 till 18th November, they were brutally tortured by members of Iraqi militia "National Gourds", who belonged to Baath's party. Their brutal actions against Kurdish prisoners such as hitting, boxing, burning, withdrawing nails, and so on. These crimes are unforgettable in the contemporary history of Iraqi Kurdistan.

**ملخص البحث**

**أحوال السجناء الكرد في السجون العراقية من خلال العهد الأول للبعثيين (الحرس القومي) من ٨-٢-١٩٦٣ إلى ١٨-١١-١٩٦٣**

في صباح ٨-٢-١٩٦٣ نجح البعثيون (الحرس القومي) والناصريون القوميون في الانقلاب على سلطة أول رئيس جمهوري عراقي و هو عبد الكريم القاسم ١٩٥٨-١٩٦٣، وقتل في اليوم التالي الرئيس المخلوع. وفي نفس يوم الأنقلاب بدأ الإنقلابيون بتصفية العناصر المضادة للأنقلاب، ولا سيما الشيوعيون والأكراد. فاعتقلت ميليشيات الحرس القومي مئات بل آلاف من أعضاء الحزب الشيوعي العراقي في البداية و من الحزب الديمقراطي الكردستاني خاصة بعدما كانت البعثيين والثورة الكردية برئاسة مصطفى بارزاني ١٩٠٣-١٩٧٩ لم يتوصلوا الى الأتفاق، بدأت ميليشيات الحرس القومي بإعتقال مئات من الأكراد في السليمانية بتأريخ ٩-٦-١٩٦٣، وبعد ذلك في جميع أنحاء مدن والقرى في كردستان والعراق. ويجدر بالذكر أن المعتقليين الأكراد لم يرتكبوا أي جريمة ضد المؤسسات الحكومية والمواطنين الآخرين، ولكن ميليشيات الحرس القومي أتهموا هؤلاء الأبرياء بتأييد الثورة الكردية.

تتكون المعتقلون الأكراد من طبقات متنوعة في المجتمع الكردي والعراقي على سبيل المثال: الأطباء، المحامون، المعلمون، العمال،.... الخ. مارس الميليشيا (الحرس القومي) أبشع أنواع أساليب التعذيب والإهانة جسديا ونفسيا بحق هؤلاء الأبرياء.